# ڕیفراندۆمی کوردستانی عێراق بۆ سەربەخۆیی، ئاستەنگ و لێکەوتەکانی
# Iraqi Kurdistan Independence Referendum, challenges and consequences

**م.ی. هۆشمەن عەتا مەحمود**
**Hoshman Ata Mahmod**
**بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت،زانکۆی هەڵەبجە، ،هەرێمی کوردستان- عێراق**
**Department of Social Sciences/College of Basic Education/University of Halabja**

**پوختە:**

ڕیفراندۆم لە مێژووی سیاسی و دونیای مۆدێرندا بابەتێکی تازەیە، لەسەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم چەندین نەتەوە وەك ئامرازێك بۆ گەیشتن بە مافی چارەی خۆنوسین بەکاریانهێناوە. هەرێمی کوردستانی عێراق لە دۆخێکی پڕ لە کێشە و جەنگ دا کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق پێیدا تێدەپەڕی تاکلایەنە بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆیدا تەنها دوای چەند هەفتەیەك لە تێکشکانی داعش و گرتنەوەی موسڵ. لە ٢٠١٩/٩/٢٥ پرۆسەکە بەسەرکەوتویی ئەنجامدراو زۆرینەی ڕەهای بەشداربوان بە بەڵێ دەنگیاندا. هەرچەندە پرۆسەکە هیچ پابەندبونێکی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی نەبوو بەڵام حکومەتی عێراق و دەوڵەتانی دراوسێ بەتایبەت تورکیا و ئێران زۆرترین دژایەتیان کردو پلانیان بۆ سزادانی گەلی کوردستان دارشت. ئەنجامدانی ڕێفراندۆم لە باشوری کوردستان پرسێکی مشتومڕئامێزو پڕ لە تەنگژەی ناوخۆیی و دەرەکی بوو، یەکێك لە کێشەکانی ڕیفراندۆم ئەوەبوو هەر لەسەرەتاوە لەناوخۆدا کۆدەنگی نیشتیمانی نەبوو، لە لایەکی تریشەوە پشتگیری نێودەوڵەتی و نەتەوەیەکگرتووەکانی نەبوو. ویلایەتە یەکگتوەکانی ئەمریکا کە لە ١٩٩١ هوە کوردستانی عێراقی دەپاراست، گلۆپی سەوزی هەڵکرد بۆ حکومەتی عێراق کاتێك سوپای عێراق و هێزەکانی حەشدی شەعبی لە شانزەی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ چونەوە کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان، هەروەها کاتێك کە عێراق گەمارۆی ئاسمانی و زەمینی خستە سەر فڕۆکەخانەو دەروازە سنوریەکانی هەرێم. لێرەوە ڕیفراندۆم ئەو ئامانجەی کە بۆی ئەنجامدرا نەهاتە دی بەڵکو دەرئەنجام و لێکەوتەی زیانبەخشی لێکەوتەوە بۆ دەسکەوتە مێژوویەکانی کورد لە عێراق کە بەدرێژایی بیست و شەش ساڵ بە دی هێنابون.

## Abstract:

Referendum is new subject in political science and modern world, in 20th and beginning of 21st century many nations has used it as an instrument in order to reach their right of self-determinations. Iraqi Kurdistan region decided to held referendum in a very problematic and bloody war time in Middle East and Iraq, after a few weeks of defeating ISIS and recapturing of Musil. On 25th of September 2019 the process was successfully ended and absolute majority of the participant had voted in favor of independence. Although there were no international and national obligations, and it wasn't binary, but the Iraqi government and neighboring countries like Iran and Turkey planned to revenge KRI. One of the main problems of the Kurdish referendum was the lack of national and international support. Even though the United States protected the Kurds in Iraq since 1991, offered the green light to Iraqi military forces to inter Kirkuk and other disputed areas in 16 October 2017, likewise when Iraqi government put embargo on KRI Border points and airports. Hence referendum had an undesirable consequences on Kurdish case, the target that was put forward wasn't achieved but also it had a negative impact on the Kurdish national aspirations that had attained during 26 years.

## پێشەکی:

گەلی کورد لە باشوری کوردستان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بە بڕیاری زلهێزەکان لکێنرا بە عیراقەوە. لەو کاتەوە کورد خوازیاری بەدەستهێنانی مافە کلتوری و مەدەنی و سیاسیەکانی بووە لە سایەی دەوڵەتی عیراقدا. بەڵام ڕژێمەکانی عیراق لە پاشایەتیەوە تاکۆماری ئەو مافەیان بۆ کورد دەستەبەر نەکردوە، بۆیە کوردیش چەندین شۆڕش و ڕاپەڕینی بەرپاکردوە هەر لەسەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو هەتا ڕاپەڕینی گەلی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ کە تیایدا کورد بوە خودانی ستاتویەکی سیاسی. لە ٢٠٠٣ کە ڕژێمی صدام لابرا کورد ئەوەی بە دەرفەتێك زانی بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی لەچوارچێوەی دەستوری عیراق و حکومەتی تازەی عیراقدا. هەربۆیە کورد پێکهێنەری سەرەکی ئەم حکومەتانە بوو.

بەڵام هەر لەسەرەتاوە حکومەتەکانی عیراق و کابینەکانی جەعفەری، مالیکی و عەبادی دژی خواستە نیشتیمانی و ڕەواکانی کوردبون بەتایبەت پەیوەست بە ناوچەدابڕاوەکان و مەسەلەی پیادەکردنی فیدرالیزم ودابەشکردنی دەسەڵاتەکان. ئەوان سیاسەتی هێزیان بەکارهێنا هەرکات بەهێزبونایە هەڕەشەی جوڵاندن و بەکارهێنانی هێزیان لە کورد دەکرد. ئەمەش وایکرد متمانە لەنێوان کورد و ئەواندا لاوازبێت و کورد بیر لەسەربەخۆیی بکاتەوە.

پەلاماری داعش بۆسەر عیراق لە حوزەیرانی ٢٠١٤ و داگیرکردنی سێ یەکی خاکی عیراق، دەرفەتی بۆ کورد خۆشکرد کە دەست بەسەر ناوچە دابڕاوەکان و کەرکوکدا بگرێت دەسەڵاتی بەغداد بەتەواوی لاوازبێت لە کوردستان. ئەمەش زیاتر هانی سەرکردەکانی کوردی دا بەتایبەت لە پارتی دیموکراتی کوردستان بیر لە سەربەخۆیی کوردستان بکەنەوە. ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٧ یەکێکە لەو ڕوداوە گرنگانەی کە خاڵی وەرچەرخانە لە مێژووی سیاسی کورد لە عیراقدا. هەرچەندە زۆرینەی بەشداربوانی ڕیفراندۆم دەنگیان بە بەڵێ دا، بەڵام نەبووە هۆی سەربەخۆیی کوردستان بەڵکو زیانی زۆری بە دەسکەوتەکانی گەلی کوردستان گەیاند.

## چوارچێوەی توێژینەوەکە:

١/ پرسیارەکانی توێژینەوە: ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان کارێکی ئاسان نەبوو، لە ئاستی ناوخۆدا ناکۆکی زۆری لەسەربوو لە ناو پارتە سیاسیەکان بۆچونی جیاوازو دژبەیەك هەبوو، لەسەر ئاستی ناوخۆ چینی دەستەبژێر و ڕۆوناکبیرانیش دابەشبووبون. لەسەر ئاستی دەرەکیش لە یەکەم ڕۆژی بڕیارەکە تا کۆتاڕۆژ نەیارو دوژمنەکانی ڕیفراندۆم زیادیان دەکرد. تەنانەت لە ناو پانزە ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش

هەموویان دژی بوون. پرسیاری ئەم توێژینەوە ئەوەیەکە:

١.چۆن ڕیفراندۆم ئەنجامدرا سەرباری ئەو هەموو نارەزاییە ناوخۆیی و دەرەکیەی کە هەبوو؟ هۆکار چیبوو کە ئەو هەموو پەیام و نێردە دیبلۆماسیانە نەیانتوانی بڕیاربەدەستانی ڕیفراندۆم پاشگەزبکەنەوە؟

٢.ئاستنەگەکانی سەرنەکەوتنی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان چیبوون؟

٣.لێکەوتەکانی ڕیفراندۆم چیبوون؟ ئایا هەرێمی کوردستان هیچ قازانجێکی کرد؟ کامانەن ئەو لێکەوتە سیاسی و ئابوری و نیشتمانیانەی **کە لە ئەنجامی ئەو پرۆسەیە کەوتنەوە؟**

**٢/ ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجی ئەم توێژینەوە بریتیە لە تێگەیشتن لە هۆکارو ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم، سەرباری شیکاری کردنی وێستگە جیاوازەکانی کە ڕیفراندۆمی پێدا تێپەڕیوە. ڕیفراندۆم لە ناوخۆو دەرەوە مشتومڕی زۆری نایەوە ناکۆکیە سیاسیەکان بابەتەکەیان ئاڵۆزتر کرد، کۆمەڵانی خەڵك توشی سەرلێشێواو بووبون. میدیاکان ڕای جیاوازیان دەخستە ڕوو، هەندێك کەس دژبەرانی ڕیفراندۆمیان بە خیانەتکار و عێراقچی دەدا قەڵەم، بە پێچەوانەشەوە هەندێکی تر ئەوانی تریان بە نەزان و کاڵفام دەدا قەڵەم. ئەم توێژینەوە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ڕیگوزەرو هۆکارو لێکەوتەکانی ڕیفراندۆم بە بێ لایەنگیری سیاسی و پشتگیری کردنی بەڵێ یان نەخێر و دەرخستنی ڕاستیەکان وەك ئەوەی کە هەن نەك وەك ئەوەی کە دەویسترێن.

**٣/ میتۆدی توێژینەوەکە:** لە هەڵسەنگاندن و شیتەڵکردنی توێژینەوەکەدا میتۆدی شیکاریی مێژوویی سیاسی بەکارهاتوە. هەرچەندە زۆر وتراوە لە میدیای بینراو، نوسراو و بیسراو بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی، بەڵام هێشتا سەرچاوە و توێژینەوەی زۆر ورد و زانستیانە لەو بوارەدا ئەنجامنەدراوە. لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان تەنها چەند کتێب لەوبوارەدا نوسراون و وەك پێویست توێژینەوەی ئەکادیمی لە زانکۆکان ئەنجامنەدراوە. بۆیە لە لایەکەوە گرفتێکە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە کە بابەتێکی زۆر نزیکە بەڵام لە لایەکی تریشەوە دەکرێت دەرفەت و سەرچاوەیەکی باش بێت بۆ توێژینەوەکانی دوای خۆی.

## ١/ ڕیفراندۆم، پێناسە، پەرەسەندنی مێژوویی

ڕیفراندۆم دەنگدانێکە کە تیایدا هەموو خەڵکی وڵاتێك یان ناوچەیەك داوایان لێدەکرێت دەربارەی بیروڕایان یان بڕیاریان دەربارەی پرسێکی گرنگی سیاسی یان کۆمەڵایەتی. (Cambridge dictionary) لە قاموسی ئۆکسفۆرد ڕیفراندۆم بەم جۆرە پێناسە کراوە "دەنگدانێکی ڕاستەوخۆیە لەلایەن هەموو ئەندامانی بازنەیەکی هەڵبژاردن دەربارەی پرسیارێکی گشتی گرنگ، بۆ نمونە گۆڕانکاریکردن لە دەستور". (Oxford dictionaries)، پێناسەیەکی تری ڕیفراندۆم بریتیە لە دەنگدانی خەڵك دەربارەی بابەتێك لەجیاتی دەنگدان بە کاندیدێك، ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی دیموکراسی ڕاستەوخۆ. (Roskin ٢٠١٨, p ٣٥٧).

ڕیفراندۆی جەماوەریی دادەنرێت بە یەکێك لە سیماکانی دیموکراسی، بە تایبەت دیموکراسی ڕاستەوخۆ کە تیایدا گەل ڕاستەوخۆ بڕیار لە مەسەلەیەکی چارەنوسساز دەدات بەبێ گەڕانەوە بۆ دەسەڵتی یاسادانان. ڕیفراندۆم کاتێك ئەنجامدەدرێت کە پرسێك یان بابەتێك هیچ یەك لە دەسەڵاتە گشتیەکان نەتوانن یەکلایی بکەنەوە بۆیە پرسەکە دەخەنە بەردەم گەل و داوا دەکەن بە بەڵێ یان نەخێر کۆمەڵانی خەڵك بڕیاری لەبارەوە بدەن. (جبر ٢٠١٨)

وەك چۆن پێناسەکان جۆراوجۆرن بۆ چەمکی ڕیفراندۆم، بەهەمانشێوە مەبەستەکانی ئەنجامدانیشی هەمەجۆرن، دەکرێت ڕیفراندۆم ئیلزامیبێت بەپێی یاسا ڕێکخرابێت، وەك دەرچونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا کە ناکرێت کاری پێنەکرێت مەگەر بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێکی تر. دەشگونجێت تەنها بۆ ڕاوێژکاری و وەرگرتنی بیروڕای گشتی بێت. جۆرێکی تری پۆلێنکردنی ڕیفراندۆم پەیوەستە بەوەی کێ هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی، بۆ نمونە دەسەڵاتی جێبەجێکردن یان حکومەتەکان دەیکەن یان تەنانەت دەکرێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و تەنانەت خەلك خۆی ئەنجامی بدات.DeVreese, Claes H. ٢٠٠٧) و (Yanina, ٢٠١٢)

هەرچەندە ڕیفرامدۆی هەرێمی کوردستان لە دەستورو یاساکانی عێراقدا جێگای نەدەبووەوە، بەڵام بەپیی یاسا و نەریتە نێودەوڵەتیەکان مافی

چارەی خۆنوسین مافێکی یاسایی و سروشتیە بۆ هەموو گروپێکی مرۆیی بەبێ جیاوازی جێگیرو دەستەبەرکراوە. ئەو مافە بە چەندین شێواز بەدەستدەهێنرێت. بەڵام باشترین شێوازیان پیادەکردنی میکانیزمی ریفراندۆمە، لەپێناو بەدەستهێنانی گرنتی جێبەجێکردنی، باشترە رێکەوتنێکی نوسراو لە نێوان هەردوولا و بە چاودێری رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان ئەنجامبدرێت.

ئەم بابەتە لە یاسای نێودەوڵەتیدا بە چەندین جۆر و شێواز ئاماژەی پێکراوە بۆ نمونە، مافی چارەی خۆنوسین لە لایەن هاوڵاتیانەوە بە رەوا دانراوە، مافی چارەی خۆنوسینی دەرەکیش یەکێکە ترە لە رێگا رەواکان لە یاسای نێودەوڵەتیدا کە ئەمجۆرەیان لە دوای پرۆسەی سەربەخۆیی وڵاتانی جیهانی سێ دەرکەوت لە دژی دەوڵەتانی کۆلۆنیالیستی ئەوروپی. هەرچی سەبارەت بە مافی چارەی خۆنوسین بەرێگەی راپرسیە، یاساناسان پێیانوایە باشترین جۆرە بۆ جێبەجێکردنی مافی چارەی خۆنوسین. ئەمەش دەکرێت لە رێگەی پەرلەمانەوە یان لە رێگەی برگەیەکی دەستوریەوە رەوایەتی پێبدرێت. لە نمونەی ئەو راپرسیانەش کە سەرکەتوبون بریتیە لە راپرسی لە تەیموری خۆرهەڵات لە ١٩٩٩، مۆنتینیگرۆ لە ٢٠٠٦، باشوری سودان لە ٢٠١١. هەندێك نمونەی راپرسی تاکلایەنەش هەیە کە بەکارهێنانی هێزو توندوتیژی لێدەکەوێتەوەوە وەك راگەیاندنی دەوڵەتی کاتی هیندستان، راگەیاندنی سەربەخۆیی تاکلایەنەی بەنگلادیش و کۆسۆڤۆ. (ئەحمەد ٢٠١٧)

ریفراندۆم تەنها میکانیزمێك نیە بۆ سەربەخۆیی گەلان و جیابونەوەو کەرتبونی دەوڵەتە خاوەن سەروەرییەکان، هەندێك جار بۆ گۆرانکاری لە دەستور و پەسەندکردنی دەستوری تازە ئەنجامدەدرێت بۆ نمونە لە عێراق لە ٢٠٠٥. لە هەندێك لە ویلایەتەکانی ئەمریکا کاتێك بابەتێك لە چوارچێوەی یاسادا یەکلایی نەکرێتەوە ریفراندۆمی لەبارەوە دەکەن و راستەوخۆ دەیخەنە دەست خەڵك.

هەرچەندە ریفراندۆم دادەنرێت بە دیاردەیەکی بەهێزی دیموکراسی، بەڵام رەخنەگران دەڵێن کەهەندێك جار سپۆنسەرەکانی ریفراندۆم بابەتەکان زۆر سادە دەکەنەوە بۆ جەماوەر و هەوڵدەدەن کۆنترۆڵیان بکەن ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی حیزب و لایەنی پۆپۆلیستی کە بە مەترسی دادەنرێن بۆسەر دیموکراسی. چونکە زۆرجار جەماوەر ناتوانێت لە بابەتە ئاڵۆز و کەیسە پر مشتومرەکان سەردەربکات و هەندێك جار دەکەوێتە ژێرکاریگەری میدیاو کاریگەری سۆزو هەستەکانی. هەروەك ئەوەی کە سەرۆکی فەرەنسا چارلس دی گۆل ئەنجامیدا، کەتیایدا دەسەڵاتەکانی خۆی زیادکرد بە بیانوی پاراستنی فەرەنسا، یان سەرۆکی پێشوی پاکستان پەرویز موشەرەف کە لە رێگای کودەتای سەربازیەوە دەسەڵاتی وەرگرت لە ١٩٩٩ و لەرێگای ریفراندۆمەوە رەوایەتی پێدرا بۆ مانەوە لەدەسەڵات لە ساڵی ٢٠٠٢. (Roskin ٢٠١٨, p ٨٩)

یەکێك لە نمونەکانی ئەنجامدانی ریفراندۆمی ئێتنی بۆ جیابونەوە لە دەوڵەتی ناوەندی بریتیە لە نمونەی هەرێمی کوێبەك لە کەنەدا. کوێبەك هەرێمێکی فەرەنسیە لەکەنەدادا و لەگەڵ دەرکەوتنی شاڵاوەکانی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی فەرەنسیەکان شانبەشانی ئینگلیزەکان لەسەدەی حەڤدە چونە باکوری ئەمریکا. بەهۆی ئەوەی فەرەنسیەکان کەمتر بایەخیان بە کۆلۆنیالکردن و چاندنی مرۆڤ دەکرد زیاتر بایەخیان بە پەرەسەندنی بازرگانی دەدا، لەکاتێکدا ئینگلیزەکان بە پێچەوانەوە خەریکی کاری هەمەلایەنە بوون. بۆیە فەرەنسیەکان وەك کەمینەیەك مانەوە لەو وڵاتەدا تا ساڵی ١٧٥٩ پاش جەنگی حەوت ساڵەی فەرەنساو بەریتانیا، هەرێمی کوێبەك کەوتە ژێر کۆنترۆڵی ئینگلیزەکان. ئینگلیزەکان رێگەیاندا بە خەڵکی هەرێمەکە کە زمان و ئاینزای کاسۆلیکی خۆیان بپارێزن و بەکاری بهێنن. بەمجۆرە هەرێمەکە بوە بەشێك لە کەنەدا. (Roskin ٢٠١٨, p ١١٩)

پاش دوو سەدە، کەنەدا روبەروی بزوتنەوەی جوداخوازی کوێبەك بووەوە. لە کاتێکدا بۆماوەیەکی درێژ لەروی کەلتوری و سیاسیەوە خەوی لێکەوتبوو. ئینگلیز زمانەکان (ئەنگلۆفۆنەکان) ئابوری و سیاسەتی ولاتەکەیان بەرێوە دەبرد، شاری مۆنتریاڵ زۆرینەی بوبوە ئەنگلۆفۆن، بریاری سیاسی و ستراتیژیان بەدەستەوە بوو. بەڵام فرانکۆفۆنەکان پەراوێزخرابوون لە ناوچەکەی خۆیان پەیرەویان لە نەریتی خۆیاندەکرد ئابوریەکەیان پشتی بەستبوو بەکشتوکاڵ و خەڵکەکەی لە روی دەرەماتەوە هەژاربوون.

لە ١٩٦٠ نەوەی نوێی هەرێمەکە بە ئاگا هاتن، کەوتنە ململانێ لەگەڵ نەوەی پێشودا، رایانگەیاند کە ئەوانیش دەیانەوێت مودێرنیزم بگاتە ناوچەکەیان دەوڵەمەند و خۆشگوزەرانبن وەك سەرجەم خەڵکی کەنەدا. ئەم گوتارە لە چوارچێوەی پارتێکی سیاسیدا فۆرمەلە بوو بەناوی پارتی کوێبەك. پارتی کوێبەك رایگەیاند کە کوێبەك کەلتورێکی جیاوازەو ئەوان دەیانەوێت بە جیا لە زۆرینەی ئینگلیز بژین. ئەم خواستە وردە وردە گەشەی کرد، سەرەنجام ریفراندۆمی ١٩٨٠ لێکەوتەوە بۆ جیابونەوەی هەرێمەکە. بەڵام لە ریفراندۆمەکە دەنگی بەڵێ بۆ جیابونەوە دۆڕاندی بە ٤٠ بەرانبەر بە ٦٠ بە نەخێر بۆ جیابونەوە. هەرچەندە جارێکی تر ریفراندۆم بۆ هەمان مەبەست لە ١٩٩٥ ئەنجامدرایەوە، بە

جیاوازیەکی کەم ئەم جاریش نەخێر بردیەوە. لێرەوە پارتی کویبەك پوکایەوە و دەنگی جیاخوازی کەوتە پەراوێز. خەڵکی هەرێمەکە ماندوو بون لە هەوڵەکان و تائێستاش دۆخەکە بەو جۆرە ماوەتەوە. (Roskin ٢٠١٨, p ١٢٠)

نمونەیەکی تر ڕیفراندۆمی ناوچەی سکۆتلەندایە لە بەریتانیا. سکۆتی و وێلزیەکان لە بنەڕەتدا لە ڕەگەزی کلتین، کلتیەکان لە کۆنترین دانیشتوانی دورگەی بەریتانیا و ئایرلەندان،لە هەزارەی یەکەمی زاینی هۆزەکانی ئەنگلۆ ساکسۆن چونەتە بەریتانیاو پاڵیان بەو دوو هۆزەوە نا بۆ ناوچە کەناری و پەراوێزەکانی باکورو ڕۆژئاوای بەریتانیا. بەو جۆرە دەسەڵاتی سیاسی ئینگلیزەکان لە لەندەن دروستبوو بۆ چەندین سەدە بە ئاشتی و بەجەنگ ملیان بەو دوو گروپە ئەتنیکیە کەچکرد حوکمی هەموو بەریتانیایان کرد لە ساڵی ١٧٠٧ بەڕێکەوتنێك سکۆتلەندا بەفەرمی بەسرایەوە بە ئینگلتەراوە. بەڵام لەم دواییە و لە ساڵانی ١٩٧٠، چەند پارتێکی نەتەوەیی سکۆتی و وێڵزی گەشەیانکرد و چەند کورسیەکیان لە پەرلەمان بەدەست هێنا.

پارتی کرێکاران حکومەتی بەریتانیای پێکهێنا بەسەرۆکایەتی تۆنی بلێر لە ١٩٩٧، ئەو پرۆژەیەکی خستە بواری جێبەجێکردنەوە کە ڕێگەیدا هەندێك دەسەڵاتی خۆجێیەتی لە هەرێمەکانی سکۆتلەند، وێڵز و باکوری ئیرلەندا لە چوارچێوەی دەسەڵاتدارێتیەکی ناوخۆییدا جێبەجێ بکرێت. پەرلەمانی سکۆتلەندا لە ١٩٩٩ دروستبوو شانبەشانی حکومەتەکە. دەسەڵاتەکانیان بریتیە لە سەپاندنی باج، بەڕێوەبردنی پەروەردەو فێرکردن لە سکۆتلەندا، بەڕێوەبردنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان و کاروباری دادوەریی. بەڕای هەندێك ئەمە جۆرێك بوو لە نمونە ئەمریکاییەکەی بەڕیوەبردنی ویلایەتەکان کە بەریتانیای کردوە بە وڵاتێکی نیمچە فیدراڵی، بەڵام زۆرێك لە توێژەرانی زانستە سیاسیەکان پێیان وایە هێشتا بەریتانیا نمونەی دەوڵەتێکی مەرکەزییە. مشتومری جیابونەوەی سکۆتلەندا لە دوای ساڵانی ٢٠٠٠ گەرمتر بوو بە تایبەت لە لایەن پارتی نەتەوەیی سکۆتلەندەوە (SNP) تاوەکو ئەوەی کە حکومەتی بەریتانیا لە سەردەمی دیڤید کامیرۆن بڕیاری ڕیفراندۆمی دەرکرد و لە ٢٠١٤ ئەنجامدرا کە تێایدا دەنگی بەڵێ بۆ جیابونەوە لە بەرانبەر نەخێر دۆڕاندی. بەمجۆرەش یەکپارچەیی بەریتانیا و شانشینی یەکگرتوو پارێزراو وەك خۆی مایەوە. (Roskin ٢٠١٧, p ٥٤)

## ٢/ ڕیفراندۆمی باشوری کورستان

پرسی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی پرسێکی گرنگە و ئاواتی هەمو تاکێکی کوردستانە، بەدرێژایی خەباتی سەد ساڵەی کورد لەدوای دروستبونی دەوڵەتی عێراق خەونی کورد لە سەرەتا بۆ سەربەخۆیی بوو پاشتر لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم گۆڕدرا بۆ ئۆتۆنۆمی و لە دوای ڕاپەڕین پەرلەمانی کوردستان فیدرالیزمی وەك تاکە شێوازێك دانا بۆ چارەسەرکردنی ڕیشەیی کێشەکانی کورد لەگەڵ دەوڵەتی عێراق. بەڵام دوای روخانی عێراق و بە تایبەت لە دوای هاتنی هێزەکانی داعش بۆ ناوەڕاست و پارێزگا سوننە نشینەکانی باکورو ڕۆژئاوای عێراق سەرکردایەتی کورد لەسەرەتادا ئەوەی بە هەلێك دانا بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و چونکە پێیی وابوو دەوڵەتی عێراق روو لە هەڵوەشانە و چیدیکە سنورە دەستکردەکانی سایکس-پیکۆ لەدوای سەد ساڵ مێژوو وەکو خۆیان نامێننەوە.

هەرچەندە دوای روخانی ڕژێمی سەدام و لە ساڵی ٢٠٠٥ هەندێك کەسایەتی و ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و خەڵکی کوردستان شان بەشانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان پرۆسەی ڕیفراندۆمیان ئەنجامدا کە بە ڕێژەی٩٨٪ دەنگیان بە سەربەخۆیی دا، لە دواتردا ئەم پرسە گەێنرایە زۆربەی پەرلەمانەکانی ئەوروپا و ئەمریکا و بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان، بابەتەکە لە کاتی خۆیدا گرنگی پێدرا لەلایەن چاودێرانی سیاسی و ڕۆژنامەنوسە بیانییەکانەوە، لە زۆربەی چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ سەرکردایەتی کوردا ئەنجام ئەدرا، لە یەکێتی و پارتی لە زمانی سەرکردەکانیانەوە لە بایەخیان کەمدەکردەوە و ئاشکرایان کرد کە ئەوە ڕاوبۆچونی خەڵکە و ئێمە پابەندنین بە ئەنجامدانی. (دلای ٢٠١٧)

بەڵام دوای کەمتر لە دە ساڵ، سەرکردایەتی کورد بیری لەو پرسە کردەوە و بە تایبەت لە کاتی سەرهەڵدانی گرژیە سیاسیەکان لە نێوان هەولێر و بەغداد. گرژیەکان روو لە پەرەسەندن بوون بەتایبەت دوای ڕاکێشانی بۆری نەوتی کوردستان بۆ بەندەری جەیهانی تورکی و بڕیاری سەربەخۆ فرۆشتنی نەوتی کوردستان. لە سەرەتای ٢٠١٤ حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی عێراق نوری مالیکی تۆمەتبارکرد بە حوکمی تاکڕەوی و مەزهەبی، دواتر لە ئایاری ٢٠١٤، حکومەتی هەرێم لە هەنگاوێکیدا لەڕێگای بۆڕی نەوتی کوردستان-جەیهانەوە نەوتی

هەرێمی کوردستانی هەناردەکرد بۆ بازاڕەکانی دەرەوە و ئەمەش هانی بەغدادی دا  کە بەشە بودجەی کوردستان کە پێکهاتبوو لە پشکی ١٧٪ لە بودجەی گشتی عێراق ببڕێت، کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم بانگەشەی ئابوری سەربەخۆیان دەکرد وەك یەکەمین هەنگاو بۆ سەربەخۆیی سیاسی.

لە حوزەیرانی ٢٠١٤، گروپی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) شاڵاوی گەورەیان بۆ عێراق هێنا و چەندین شوێنییان لە باکووری عێراق گرت. لەوکاتەدا سووپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە چەندین میحوەرەوە پاشەکشەیان کرد. دواتر هێزەکانی پێشمەرگە هەوڵی کۆنترۆڵکردنەوەی چەندین ناوچەیان دا لە کەرکوک و زۆرێك لە ناوچە دابڕاوەکان کە کورد بەبەشێك لە خاکی خۆی دەزانێ. حکومەتەکەی نوری مالیکی زۆرترین ڕەخنەی لێگیرا و بە تۆمەتباری سەرەکی  دادەنرا کە هێزەکانی (داعش) ئەو ناوچە سوننە نشینانەیان داگیرکردبوو، بەو هۆیەوە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش داوای دەکرد سەرۆکوەزیرانێکی نوێ هەڵبژێردرێت.

کاردانەوەکانی کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان لەسەرەتاوە توند نەبوو بەرانبەر بە داعش، سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت چەندین جار ڕایانگەیاند کە ئەوان ئێستا بە واقیع بونەتە دراوسێی هێزێکی تازەو چیتر عێراق سنوری لەگەڵ ئەواندا نیە. ئەوان لەسەرەتاوە ئەو هێزەیان بە مەترسی نەدەزانی لەسەر خۆیان وەك کێشەیەکی ناوخۆیی عێراق و نێوان شیعە و سوننە تێدەگەیشتن. بۆیە وەها زانرا کە ئەمە دەرفەتێکی زێرینە بۆ هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی چونکە هەموخاکی باشوری کوردستان بە کەرکوك و زۆرینەی ناوچە دابڕاوەکان بۆیەکەم جار لەژێر دەستی کوردابوون و هەریەکە لە دەوڵەتی عێراق و سوریا لاوازبوون.

لە تەمموزی ٢٠١٤، مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە گشتپرسی لەو ساڵەدا ئەنجامدەدرێت و ئەوەشی وت کە عێراق بەتەواوی دابەشبووە. (BBC ٢٠١٤) بەڵام هەرزوو پەلاماری داعش بۆسەر کوردستان لە سەرەتای ئابی ٢٠١٤ ئەو خواستەی هەڵگێڕایەوە، لە ئەیلوولی ٢٠١٤، کاتێک سەرۆکوەزیرانی نوێی عێراق گۆڕدرا بۆ حەیدەر عەبادی، سەرکردە کوردییەکان ڕازیبوون کە گشتپرسی دوابخرێت و زیاتر بیربیان لەسەر شەڕی داعش بێت. (The Star ٢٠١٤)

سەرباری سەرقاڵی هەرێمی کوردستان بەجەنگی داعش و قەیرانی سیاسی و دارایی ناوخۆیی، لە شوباتی ٢٠١٦،  تۆڕی میدیایی ڕووداو ئەوەی بڵاوکردەوە کە مەسعوود بارزانی بە کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی ڕاگەیاندووە کە دەبێت گشتپرسی لە پێش هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری ئەمریکای ٢٠١٦ ئەنجامبدرێت واتە پێش ٨ی تشرینی دووەم ٢٠١٦. (Radio free Europe ٢٠١٦).

دواتر لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ماڵپەڕی ئەل مۆنیتۆر، مەسعوود بارزانی ئەوەی ئاشکراکرد کە گشتپرسی لەپێش تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ ئەنجامدەدرێت.(K٢٤ ٢٠١٦) بەڵام سەرباری ئەوانە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان ئەوەی ڕاگەیاند کە گشتپرسی ئەنجام نادرێت هەتاوەکوو موسڵ لەدەست جیهادییەکانی داعش ئازاد نەکرێت. (K٢٤ ٢٠١٦)

هەرچەندە داعش مەترسی جدی بوون لە سەر مانەوە و ئاسایشی هەرێمی کوردستان، بەڵام دواجار هەرێمی کوردستان توانی بە پشتیوانی نێودەوڵەتی هێزەکانی داعش پاشەکشەپێ بکات و ناوبانگ و ئازایەتی پێشمەرگە لە دونیادا دەنگیدابوەوە. ئەمە لە کاتێکدابوو کە کۆمەکە دارایی و لۆجستی و سەربازیەکانی وڵاتانی وەك ئەمریکا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، کەنەدا... بۆ پێشمەرگە گوڕوتینێکی نوێی بەخشی بەو هێزە. شانبەشانی ئەمەش ترافیکێکی دیبلۆماسی زۆریش لە هەرێمی کوردستان و هەولێری پایتەخت هەبوو، هەموو ئەمانە وایکرد کە سەرکردایەتی کورد (بە تایبەت سەرۆکی هەرێمی کوردستان مسعود بارزانی) ئەمە بە دەرفەتێك بزانێت بۆ بە دەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ کورد. چونکە ڕای گشتی و سۆزی جیهانی بۆ کورد ئامادەیەوە دەوڵەتی عێراقیش لەو پەڕی لاوازیدا دەبینرا لەو قۆناغەدا.

دیاریکردنی ڕۆژی گشتپرسی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژی ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٧ لە کۆبوونەوەیەکدا کە مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هاوینەهەواری پیرمام لەگەڵ بەشێکی زۆر لە پارتە کوردییەکانی باشووری کوردستان لەوانە پارتی، یەکێتی، یەکگرتووی ئیسلامی، بزووتنەوەی ئیسلامی، سۆسیالیست، حیزبی شیوعی کوردستانی، زەحمەتکێشان و بەرەی تورکمانی و کەمایەتییەکان کۆبوونەوە و بریاریان لە ئەنجامدانی گشتپرسییەکە دا و ڕۆژی ئەنجامدانی گشتپرسییەکەش دیاریکرا. (Rudaw ٢٠١٧)

بۆیە فەرمانێکی هەرێمی بە ژمارە (١٠٦) لە ٢٠١٧/٦/٨ دەرکرد کە تیایدا کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستانی

ڕاسپارد بە ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە پارێزگاکانی هەرێم (هەولێر و سلێمانی و دهۆك و هەڵەبجە) و ناوچەکانی جێناکۆك پاریزگای (کەرکوك) شارو شارۆچکە کوردنشینەکانی پارێزگاکانی (موصل، تکریت و دیالە)، هەروەها کارکردن بۆ ئەوەی لە دەرەوەی هەرێم جێبەجێبکرێت بۆ ئەوەی ڕەوەندی کوردی بەشداری تێدابکات بەتایبەت لە ئەوروپا و ئەمریکا.

نوسراوی سەر کاغەزی ڕیفراندوم بریتیبوو لەم پرسیارە کە بە هەرچوار زمانی کوردی، عەرەبی، تورکمانی، سریانی نوسرابوو "ئایا دەتەوێ کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ؟" بژاردەکانیش تەنها بەڵێ و نەخێربوون.

هێمن هەورامی ڕاوێژکاری بارزانی ، ڕایگەیاند کە ڕیفراندۆم لە ناوچە کێشەلەسەرەکانی وەك کەرکووک، شنگال، مەخمور و خانەقینیش ئەنجامدەدرێت. دواتر ڕاوێژکارێکی تری بارزانی کە لەسەرەتادا دانرابوو بە بەرپرسی پەیوەندیەکانی لیژنەی باڵای ڕیفراندۆم ئەویش هۆشیار زێباری وەزیری پێشوی دەرەوەی عێراق بوو، ئەوەی ڕاگەیاند کە گشتپرسی مەرج نییە ڕێک دوای ئەوە سەربەخۆیی بێت بەڵکوو دەکرێت ببێتە کارتێکی بەهێز لەدەست هەرێمی کوردستان بەرامبەر حکومەتی ناوەندی بەغدا.(Reuters ٢٠١٧)

مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم کە داهێنەرو ئەندازیاری ڕیفراندۆم بوو، ئەو لە دیدار لەگەڵ شاندە بیانییەکان و لە کاتی هەڵمەتی بانگەشەی بەڵێ بۆ ڕیفراندۆم پاساوەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی ڕون دەکردوە. بە جۆرێك کە بە گوتەی ئەو "هەوڵەکانی گەلی کوردستان بۆ بونیادنانی عێراقێکی دیموکرات و پێشکەوتوو سەرکەوتوو نەبوو دوای ئەوەی هیچ ئومێدێک نەما کە بتوانین هاوبەشییەکی ڕاستەقینە بونیاد بنێین. بەهۆی زاڵبوونی فەرهەنگی خۆسەپاندن و ئینکار... گەلی ئێمە وەک هاوبەشی راستەقینە قبووڵ نەکرا، گەلەکەمان بڕیاری داوە لە ڕیفراندۆمدا بڕیار لەبارەی چارەنووسی خۆی بدات و بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ بەغدا لەسەر هەموو بابەتەکان گفتوگۆ دەکەین و دەمانەوێ وەک دوو دراوسێی باش هەموو بابەتەکانمان بە دیالۆگ چارەسەر بکەین." (K٢٤,٢٠١٧ (. بارزانی لە چەندین شوێن و کاتی جیاوازدا ئاشکرای کرد کە پابەندبون بە دەستورەوە وەك خۆی لەلایەن عێراقەوە جێبەجێنەکراوە بۆ ئەمەش ئاماژەی بەوە دەکرد کە (٥٥) مادەی دەستوری لە لایەن عێراقەوە بەرانبەر هەرێمی کوردستان پێشێل کراوە. بۆیە هەمیشە لە کاتی کەمپین و دیمانەکانی لەگەڵ شاندە بیانیەکان نیگەران بوو لەوەی کە لە عێراقدا تەنها لۆجیکی هێز باڵادەستە نەك هێزی لۆجیك. (بابکەیی ٢٠١٨)

بارزانی لە کۆتایی مانگی ئاب کاتێك نێردراوی ئەڵمانیا دێتە لای و داوای لێدەکەن کە ڕیفراندۆم دوابخات ئەویش بەم جۆرە وەڵامیان دەداتەوە، ئەوە بڕیاری کەسێك یان لایەنێك نییە بەڵکو ماف و بڕیاری تاك تاکی هاووڵاتیانی کوردستانە و نابێ خەڵکی کوردستان لەو مافە بێ بەش بکرێت و ڕیفراندۆم لە وادەی خۆیدا ئەنجام دەدرێت. لە سەد ساڵی ڕابردوودا هەموو ڕێگەیەکمان تاقی کردووەتەوە بەڵام شەراکەت سەری نەگرتووە و ئەوە حکوومەتی عێراقی بووە کە هیچ کات شەراکەتی نەویستووە و گەلی ئێمەیش ناتوانێ دوای ئەو هەموو قوربانیدانە پاشکۆیی قبووڵ بکات و ئەزموونە شکستخواردووەکان دووبارە بکاتەوە. لەڕێگەی ئاشتیانە و دیالۆگدا لەگەڵ بەغدا بەردەوام دەبین لەسەر دیاریکردنی ئایندەی پەیوەندییەکان و پرسی ڕیفراندۆم"

بارزانی لەکۆبونەوەیەك لەکەرکوك لەگەڵ بەشێك لە سەرکردەکانی کورد دەربارەی یاساییبوونی ڕیفرادۆم دەڵێت " ریفراندۆم نە دژی دەستووری عێراق و نە دژی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکانە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ شەرعیەتدان بە خواست و بڕیاری گەلی کوردستان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی، هەروەها ئەوەیشی دووپاتکردەوە کە ڕیفراندۆم پەیام و دەنگی ئاشتیانەی گەلی کوردستانە بۆ عێراق و وڵاتانی دراوسێ". (K٢٤,٢٠١٧ ( بەڵام ڕوننەبوو کە ئایا عێراق و وڵاتانی دراوسێ چۆن وەڵامی ئەو پەیامەی گەلی کورد دەدەنەوە کە بارزانی ئاماژەی پێکردوە.

کەمپینی بانگەشەی ڕیفراندۆم لەمانگی ئەیلول دەستیپێکرد، بارزانی و بەشێك لە سەرکردەی هێزە سیاسیەکانی تر بە شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا دەگەڕان و بانگەشەی بەڵێیان دەکرد بۆ سەربەخۆیی، ئەوەی تێبینی دەکرا کەمپینەکانی بەڵێ زۆربەی ناوچەکانی پارێزگاکانی هەولێر و دهۆکی دەگرتەوە واتە ئەو ناوچانەی کە ناسراوبون بە زۆنی زەرد، لە کاتێکدا لە زۆنی سەوز تەنها لە پارێزگای سلێمانی لە کۆتاییەکانی بانگەشەی کەمپینی بەڵێدا لە یاریگای سلێمانی بەڕێوەچوو، ئەوەی جێگەی سەرنج بوو زۆربەی بەرپرسانی باڵای یەکێتی لەوانە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد هاوسەری جەلال تاڵەبانی و کۆسرەت ڕەسوڵ جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی دەرکەوتن. ئەوە لە کاتێکدا لە پارێزگای هەڵەبجە و

ئیدارەکانی گەرمیان و ڕاپەڕین ئەو کەمپینە گەورانە ئەنجام نەدران.

لە میانەی پەرەسەندنی کەمپینەکانی بەڵێدا، لێکەوتە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیکان تابێت توندتر و پەیامەکان ڕاشکاوتر دەبوون. وڵاتانی دراوسێی هەرێم، هەریەك لە عێراق و ئێران و تورکیا زیاتر لە ڕووی دیبلۆماسیەوە نزیکتردەبونەوە، تا گەشتە ئەوەی لە چوارچێوەی کۆنگرەی ئەستانەی تایبەت بە قەیرانی سوریا شاندی هەرسێ وڵات بە جیا کۆبونەوەیەکیان ڕێکخست بەسەرپەرشتی وەزیرانی دەرەوەی هەرسێ وڵات تایبەت بە پرسی ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێم و چۆنیەتی ڕوبەڕوبونەوەی. ئەمە لە کاتێکدا یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا بەردەوام پەیامیان دەنارد بۆ پاشگەزکردنەوەی هەرێم لەو بڕیارە یان دواخستنی بۆ کاتێکی تر. یەکێك لەو هەوڵانەی ئەمریکا لە ڕێگای ناردنی پەیامێکەوە بوو لەلایەن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕێکس تیلەرسن بەهۆی برێد مەکگێرك نوینەری ئەمریکا لە جەنگی دژی داعش و باڵوێزو دیبلۆماتکارانی ئەمریکا لە عێراق، لەو نامەیەدا بەدیلی زۆر درابوو بە بارزانی بۆ دواخشتنی ریفراندۆم، بەڵام بەبیانوی ئەوەی کە نامەکە فەرمی نیەو واژۆی پێوە نەبوە لەلایەن سەرکایەتی هەرێمەوە بە فەرمی نەناسرا و بە تاکتیك تێگەیشتن، هەرچەندە بارزانی لە یەکێك لە کەمپینەکانی کۆتایی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بەدواخستنی ریفراندۆم کرد و ڕوو لە جەماوەر گوتی "ئەگەر ریفراندۆمیش نەکرێت، ئێوە دەنگی خۆتان بەدونیا گەیاند" بەڵام دواتر لە شوێنێکی تر ڕایگەیاند کە ئەوان ریفراندۆم دەکەن و چی دەبێ بابێ.

دەربارەی نامەکەی تیلەرسن، لە ٢٠١٧/٩/٢١ لە سەلاحەددین، ئەنجوومەنی باڵای ریفراندۆم بە سەرپەرشتیی مەسعود بارزانی کۆبۆوە و ڕایگەیاند کە "یەکەم: لەبەر ئەوەی هێشتا ئەو بەدیلەی کە جێگەی ریفراندۆم بگرێتەوە نەگەیشتووە و کاتی گونجاویش نەماوە، ئەگەر گرێنتیی تەواو بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەدرێت، ریفراندۆم لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا بەڕێوەدەچێت. دووەم: بڕیار درا کە بەهەموو شێوەیەك دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بەکراوەیی بهێڵدرێتەوە و کاتی پێویستی پێ بدرێت. سێیەم: کۆبوونەوە بڕیاری دا کە بۆ ڕوونکردنەوەی دوایین هەڵوێست، شاندی دانوستانکاری ئەنجوومەنی باڵای ریفراندۆم، ڕۆژی شەممە ٢٣ی ئەیلول سەردانی بەغدا بکاتەوە. چوارەم: ئەنجوونی باڵای ریفراندۆم بڕیاری دا، سکرتارییەتی ئەنجوومەنی باڵا، هەردوو پڕۆژەی مافی پێکهاتەکان و ڕاگەیاندنی پرەنسیپی گشتیی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، پێش ٥ی٩ی٢٠١٧، بڵاو بکاتەوە" (ماڵپەری سەرۆکایەتی هەرێم ٢٠١٩)

مشتومڕەکان لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم بە جۆرێك بوون تاوەکو ڕۆژێك بەر لە ئەنجامدانی پرۆسەکە واتە ٩/٢٤ ئەگەری بەهێزی دواخستن لە ئارادا بوو، بە تایبەت لە ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ڕای جیاواز هەبوو بە تایبەتی تریش مەڵبەندی کەرکوکی ئەو حیزبە جیاواز لە پارێزگاری ئەو شارە کە یەکێك بوو لە داکۆکیکەرانی ریفراندۆم، چەندین جار هۆشیاریان داوە بە مەترسی ئەنجامدانی پرۆسەکە لەسەر کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان. (جەوهەر ٢٠١٨)

دۆخەکە کاتێك شڵەژاویەکەی دەرکەوت کە بافڵ تاڵەبانی کوڕە گەورەی جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی و یەکێك لە بەهێزترین سەرکردەکانی ئەو حیزبە لە هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك ڕونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند کە سەرکردایەتی کورد ڕازی بوون بە بەدیلەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانان و پرۆسەکە دوادەخەن بەڵام دوای کەمتر لە نیو کاژێر سڕیەوەو ڕونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە کە هەژمارەکە لەدەستی خۆیدا نەبووە. ئەو نوسینە بە جۆرێك بوو کە سەرۆکایەتی هەرێمی هێنایە دەنگ و ڕونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە بەم جۆرە: (بە گشت لایەك ڕادەگەیێنین کە ئەم هەواڵە هیچ ئەساسێکی نییە و دوورە لە ڕاستی و ریفراندۆم لە کاتی دیاریکراوی خۆی ئەنجام دەدرێت). (ماڵپەری سەرۆکایەتی هەرێم ٢٠١٧)

هەرچەندە لقی کۆمسیۆن لەکەرکوك کەمتر لە دومانگ بەر لەوادەی ئەنجامدانی ریفراندۆم کرایەوە و کێشەی گەورەی هەبوو لە ڕوی لۆجستیەوە تۆمارەکانی بە تەواوی لەبەردەست نەبوو لە لایەکی ترەوە تەها لەگەڕەکە کوردنشینەکانی شارەکە بنکەی دەنگدانی کردبووەوە بەڵام دواجار پرۆسەکە بەسەرکەوتویی و بەبێ هیچ جۆرە توندوتیژیەك بەڕێوە چوو. بەو جۆرە ریفراندۆم لە وادەی خۆیدا ئەنجامدراو لەسەرجەم کوردستان و ناوچە جێناکۆکەکان لە شەنگال و مخمور و دوزخورماتوو تا خانەقین. ئەنجامەکەش پاشتر لەلایەن کۆمسیۆنەوە بەم جۆرە ڕاگەینرا: ڕێژەی بەشداری ٧٢٪، دەنگی بەڵێ ٩٢٪، دەنگی نەخێر ٧٪.

٣/ ئاستەنگەکانی بەردەم ریفراندۆم

### ٣-١/ ئاستەنگە ناوخۆییەکان

### أ.ناکۆکیە ناوخۆییەکان:

ڕیفراندۆم لە ناو قەیرانێکی ئاڵۆزی سیاسی هەرێمدابوو و ئەو قەیرانە سیاسیانەش بوونە هۆکاری پەکخستنی پەرلەمانی هەرێم، ئەویش بەهۆی تەواوبونی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان (مەسعو بارزانی) بوو، چوارلایەنی سیاسی بە هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و گۆڕینی سیستەم لە سەرۆکایەتی بۆ پەرلەمانی و کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆك، پرۆژەیان ئامادەکردبوو، دواجار بوو بەهۆی پەکخستنی پەرلەمان و ئیزندانی وەزیرەکانی سەر بە بزوتنەوەی گۆڕان لە ناو حکومەتی هەرێم. ئەمەش دۆخێکی چەقبەستوی لە ناوخۆدا دروستکرد.

لەگەڵ نزیک بوونەوەی وادەی ڕیفراندۆم هێشتا ڕەوشی پەرلەمان ئاسایی نەکراوەیەوە تاوەکو ڕۆژی ٢٠١٧/٩/١٤ واتە پانزە ڕۆژ بەرلەوادەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم.

قەیرانی دارایی، شەڕی دژی داعش، هەبوونی نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی عێراق و سوریا، پەکخستنی پەرلەمان و مشتومڕەکان لەسەر یاسا و خودی سەرۆکی هەرێم گرنگترین ئەو کێشانەبوون کە لە نێوان لایەنە سیاسیەکان و لە ناو کوردستاندا بە گشتی بەرچاوبوون. پەیوەندیە سیاسیەکانی نێوان پارتی دیموکرات و بزوتنەوەی گۆڕان کە هێزی یەکەم و دوەمی براوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی بوون لە خراپترین دۆخدا بوو. بۆیە هەڵوێستی ئەو حیزبانە دەربارەی ڕیفراندۆم پەیوەست بوو بە کێشە سیاسیەکانیان لەگەڵ پارتی، بۆچونێکی گشتی هەبوو بە تایبەت لای گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی پێیان وابوو ڕیفراندۆم پێویستە سازانی نیشتیمانی لەسەربێت و دەزگا شەرعیەکان بەگەڕبخرێنەوەو یاساو دیموکراسی سەروەر بێت و دۆخی گوزەرانی هاوڵاتیان چاکبکرێتەوە پاشان لە ڕێگەی پەرلەمانەوە ڕیفراندۆم یاسای بۆ دەربکرێت و جێبەجێ بکرێت. لە بەرامبەریشدا ڕایەکی تر هەبوو کە پێداەگرێت لەسەر ئەوەی چارەسەری ئەو هەموو کێشانە بەستراونەتەوە بە هەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ، بەجۆرێك کە بڕیاری خەڵک لە ڕۆژی ڕیفراندۆمدا بۆ سەربەخۆیی، دەروازەکان بۆ چارەسەری قەیرانەکان بە قەیرانی داراییشەوە دەکاتەوە، گوتاری ئەم جۆرە ڕوانینەش جەختکردنەوەیە لەوەی کۆی ئەم قەیران و کێشە و گرفتانە بەرەنجامی نەبوونی دەوڵەتە نەک هۆکاری تر.

نارەزایەتی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان بە تایبەت گۆڕان و کۆمەڵ و ساردو سڕی یەکێتی یەکێك بوو لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە بەشداری خەڵك لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکانی ڕاپەڕین و گەرمیان بە بەراورد بە ناوچەکانی سنوری پارێزگای هەولێرو دهۆك زۆر کەمبوو.

هەرچەندە لەکۆی پێنج پارتی سیاسی کە پێکهێنەری کابینەی هەشتەمی کوردستان بوون دوانیان تێبینیان لەسەر ڕیفراندۆم هەبوو پێیان گونجاو نەبوو یەکێتی نیشتیمانیش دابەشبووبوو ئەگەرچی زۆرینەی سەرکردایەتیەکەی لەگەڵ ڕیفراندۆم نەبون، کەچی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی ئەو حیزبە شانبەشانی بارزانی لە زۆرێك لە کەمپەینەکانی بەڵێدا بەشداربوو، بەڵام هیچ هێزێکی سیاسی بە ڕاشکاوی بانگەشەی نەخێری نەدەکرد. تەنها هێز کە بائاشکرا بانگەشەی نەخێری دەکرد هێزێکی تازە بوو کە سەپەرشتی دەکرا لە لایەن سەرمایەدارێکی شاری سلێمانییەوە بە ناوی شاسوار عبدالواحد، ئەو خاوەنی گروپی کۆمپانیاکانی نالیابوو لە پاڵیشیدا میدیایەکی بەهێزی پرپینەری هەبوو کە لەرێی ئەوەوە خۆی و هاورێکانی گوتارو سەرنجەکانی خۆیان دەخستە ڕوو بە ئاشکرا دروشمی 'نەخێر لە ئێستادا' یان بەرزکردەوە.

جۆلانەوەی 'نەخێر لە ئێستادا' لێرە و لەوێ لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیاندا ڕایاندەگەیاند ئەگەر ڕیفراندۆم بکرێت هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسی گەورەی ناوچەکە دەبێتەوە و دەڵێن 'نەخێر لە ئێستادا' بۆ پرۆسەی ڕیفراندۆم ، لەمبارەیەوە ڕابون مەعروف وتەبێژی جولانەوەی نەخێر لە ئێستادا بۆ ڕیفراندۆم لە دەنگی ئەمەریکادا لە بارەی هاتنی شاندی ئەمەریکی و کۆبوونەوەیان لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی هەرێمی کوردستان وتویەتی ئەمەریکا دژی دروست بوونی شەڕ و ئاڵۆزیە لەناوچەکە بۆیە پێیوایە پرۆسەی ڕیفراندۆم دوابخرێت. (دەنگی ئەمریکا٢٠١٧)

### ب.لاوازی دیبلۆماسیەتی کوردیی:

یەکێکی تر لە گرفتەکان لاوازی دیبلۆماسیەتی کوردی و لیژنەی باڵای ڕیفراندۆم بوو، تەنها سەفەرێك بۆ دەرەوە ئەنجامدرابێت لەلایەن لیژنەی باڵای ڕیفراندۆم یەکجار بۆ بەلجیکا بوو. لەوێش نەتوانرا وەفدەکە کە خودی بارزانی سەرپەرشتی دەکرد چاویان بکەوێت بە گەورە بەرپرسانی

یەکێتی ئەوروپا.

بەبڕوای د.جەلال حسن ئەوە جۆرێك بووە لە خەیاڵ کە ئەنجامدەرانی ریفراندۆم تەنها لە ڕێی دروستکردنی کۆمیتەیەکی گفتوگۆوە قەناعەت بە لایەنی عێراق و لایەنی هەرێمی و نێودەوڵەتی بکەن کە دروستکردنی دەوڵەتی کوردستانیان بەلاوە ئاسایی بێت. گفتوگۆکانی دوای ڕیفراندۆم لەسەر سەربەخۆیی هێندە ئالۆزبوون کە لە بابەتێکی هەستیار و گەورەی وەک یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی ناوچە جێناکۆکەکان و بابەتی جیاکردنەوەی سنور و تەنانەت ڕێژەی بەردانەوەی ئاوی بەنداوەکان بۆ باشوور و دەیان بابەتی تری هەستیارەوە دەیگرێتەوە تاوەکو بابەتی دابەشکردنی فەرمانبەران وکارەبا و پاسپۆرت و دراو دەیان بابەتی تر. ئەمە ئەگەر هەر لە بنەڕەتدا حکومەتی عێراق ئامادەی گفتوگۆکردن بێت دەربارەی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و لەتلەتکردنی خاکی عێراق. (مستەفا ٢٠١٧)

هەرچەندە پێشتر چەند جار لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ڕادەگەیەندرا کە دەربارەی سەربەخۆیی قسەیان لەگەڵ لایەنە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکاندا کردووە و ئەوەیان دەوت کە هەڵوێستی ئەو لایەنانە نە ئیجابیە و نەسلبی، بەڵام کاردانەوەکانی ئەم هێزانە بەرامبەر ریفراندۆم و سەربەخۆیی ئەوەی دەرخست کە ئەوەی بۆ جەماوەر خراوەتەروو نادروست بووە بەتایبەت لە پەیوەندی بە هەڵوێستی تورکیا. (مستەفا ٢٠١٧)

## ج.ناجێگیری و دوبەرەکی هەڵوێست لەناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان:

یەکێك لە هەرە گرفتە گەورەکان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو، چونکە بەبێ یەکێتی پرۆسەیەکی بەوشێوە گرنگ ئەنجام نەدەدرا، لە کاتێکدا هەر لە سەرەتاوە یەکێتی نیشتیمانی ڕاڕابوو لەسەر پرسەکە بەشێکی زۆری کادر و لایەنگران هاودەنگ نەبوون بۆ پرۆسەکە بەڵام لە مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە کەسانێکی بەهێزهەبوون کە پاڵپشتی یەکێتیان بۆ ریفراندۆم دوپاتدەکردەوە. لە ڕاستیدا ئەگەر لەسەرەتاوە یەکێتی پشتگیری نەکردایە مەحاڵبوو لە زۆنی سەوز و پارێزگای کەرکوك ریفراندۆم ئەنجامبدرێت. بۆیە لێرەدا بەشێك لە لێپرسراوێتی ئەو ئەرکە دەکەوێتە سەرشانی ئەوگروپە بڕیاربەدەستەی یەکێتی کە بەشداری کۆبونەوەکانی پیرمامیان دەکرد و لە بانگەشەی ریفراندۆم پێکەوە لەگەڵ لایەنەکانی تر لە سەرانسەری کوردستان کەمپینیان بۆ ریفراندۆم دەکرد. (جەوهەر ٢٠١٨)

## ح.قەیرانی دارایی و ئابوری:

ریفراندۆم لە هەلومەرجێکدا بەڕێوە چووکە دۆخی ئابوری و دارایی هەرێم داتەپیبوو، بەهۆی بڕینی موچە لەبەغداوە و دابەزینی نرخی نەوت بۆ کەمتر لە سی دۆلار، حکومەت نەیدەتوانی موچەی فەرمانبەران دابینبکات، چەندین مانگ موچەی فەرمانبەران دوادەکەوت و لە دواتریشدا لە ٢٠١٦ سیستەمی پاشەکەوتی موچەی فەرمانبەران پیادەکرا کە بەشێکی زۆری موچەی فەرمانبەران نەدەدرا و ئەمەش بوە هۆی داتپینی ئابوری و و وەستانی بازاڕ و بڵاوبونەوەی بێکاری.

بارزانی لە وەڵامێکی بۆ پرسیارێکی فۆرین پۆلیسی دەربارەی مەترسیەکانی ریفراندۆم لە دوای ئەنجامدانی ڕایگەیاند کە مردن لە برسا (لە پێناو دەوڵەتدا) باشترە لەوەی لە ژێر سایەی داگیرکاری و چەوساندنەوەی ئەوانی تردا بین. گرفتی سەرەکیش ئەوەبوو کە حکومەت لە توانایدا هەبوو کە باری ئابووری بەرەو باشتر ببات و ڕێژەی پاشەکەوتی موچە، لانی کەم لەسەر پلە نزم و مامناوەندەکان، زۆر کەم بکاتەوە، بەڵام ئەم هەنگاوەی نەنا. بەدەر لە زیادبونی نرخی نەوت و زیادکردنی باج لەسەر خەڵک و زیادبونی داهاتەکانی تر، حکومەت دور و نزیک باس لە دەستکاریکردنی پاشەکەوتی موچە و بەگەڕخستنەوەی پرۆژە وەبەرهێنیەکان نەدەکرد. ئەمە گومانی خەڵکی بەرامبەر حکومەت و حیزبە دەسەڵاتدارەکان زیاد کردبوو و بەبێ ڕەواندنەوەی ئەم گومانانەش زەحمەتبوو زەمینەی لەبار بۆ ریفراندۆم بێتە ئاراوە.

## خ.لاوازی لە نەخشەسازی بۆ ئەگەر و پێشهاتەکانی دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم:

سەرباری هەموو ئاستەنگەکانی دیکە، ریفراندۆم بە سەرکەوتویی بەڕێوە چوو لە هەموو کوردستانی عێراق، زۆربەی سەرکردە سیاسیەکانیش بەشداریان کرد لە ڕۆژی دەنگداندا و بە بەڵێ دەنگیاندا. بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەبوو ئایا دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم هەنگاوی داهاتوی هەرێمی کوردستان چیدەبێت؟ ئەوە ئەو پرسە بوو کە ئامادەسازی ورد و واقیعی بۆ نەکرابوو، هەر دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم بارزانی لە پەیامێکی تەلەفزیۆنیدا داوای لە سەرۆك وەزیرانی عێراق حەیدەر عەبادی کرد کە دەرگای گفتوگۆ دانەخات، کاربەدەستانی هەرێم پێیان وابوو

دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دەچنە دیالۆگی جیابونەوە لە عێراق، لە کاتێکدا عێراق بە ڕەسمی ڕەتیکردبووەوە و ڕایگەیاندبوو کە ئەوە کردەیەکی نا دەستوری و نایاسایە.

شاندی هەرێم هەفتیەك بەر لە ئەنجامدانی پرۆسەکە سەردانی بەغدادیان کردبوو، هەرچەندە کۆبونەوەکانیان زۆرنەبوون و زۆرێك لە سەرکردە سیاسیەکانی شیعەو حکومەتیی عێراق خۆیانبواردبوو لە بینینیان، ئەو کۆبونەوانەش کە کردبونیان سەرکەوتوو نەبون لە ڕازیکردنی بەغداد بە نیەتی هەرێمی کوردستان کە ڕیفراندۆم بۆ جیابونەوە نیە. ئەوە ئەو گرفتەبوو کە ڕۆژێك دوای ڕیفراندۆمەکە کورد هیچ کارتێکی سیاسی  تری نەمابوو، پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا ئەگەر لایەنی بەرانبەر ئامادەی دانوستان نیە دەربارەی جیابوەنەوە، هەرێم ئامادەیی تیادایە کە بەهێز جیابێتەوە؟ یان ئەو هێزە چیە کە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بەخشیویەتی بە هەرێم لە دوای ڕیفراندۆم؟

## د.نەبونی سوپایەکی نیشتیمانی بەهێز:

ئەگەرچی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی پێشمەرگەی هەبوو، بەرواڵەت هەموو هێزەکان سەر بەم وەزارەتە بوون، بەڵام لە ڕاستیدا هێزەکان دابەشبووبون بەسەر دوو حیزبدا، لەکاتی هەستیاردا فەرمانیان لە مەکتەبی سیاسی حیزبەکانی خۆیانەوە وەردەگرت، یەکەی هەشتا سەر بە پارتی و یەکەی حەفتا سەر بە یەکێتی، ئەوە جگە لە چەندان هێزی دیکەی وەك زێرەڤانی، دژەتیرۆری هەردوولا، و پۆلیسی بەرگری و فریاکەوتن و چەندان هێز و فەوج و لیوا کە پابەندی سەربازیان بۆ نیشتیمان و تەنانەت حیزبیش نەبوو بەڵکو بۆ تاکە کەسێك لە ناو حیزبدا هەبوو. دۆخەکە بەجۆرێك بوو تەنانەت سەنگەرەکانی بەرگریش دابەشکرابوون، لە سنوری خانەقینەوە تا ڕۆژئاوای کەرکوك هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایشی سەر بە یەکێتی بەرپرسیاری بوون، لە ڕۆژئاوای کەرکوکیشەوە لە ناوچەی دبس تا سنورەکانی شەنگال و ڕۆژئاوای کوردستان و سوریا لەژێر سەرپەرشتی پارتیدابوو. سەرباری ئەو دابەشبونەش، زۆر پرس هەبوو بووبوە مایەی نیگەرانی فەرماندەکانی پێشمەرکەی یەکێتی گلەیی ئەوەیان دەکرد کە ئەو چەك و تەقەمەنی و کەرەستە لۆجستیانەی دێتە وەزارەتی پێشمەرگە هاوسەنگ دابەشناکرێت و هێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتی لێی بێبەشدەکرێن. دۆخەکە بەجۆرێك بوو پێشمەرگەکان لە بازاڕی ڕەش فیشەك و تەقەمەنیان دەکڕی بۆ جەنگ. ناکۆکی ئەو هێزانەش لە شانزەی ئۆکتۆبەر دەرکەوت کاتێك کە ڕاجیای دروستبوو لەنێوان سەرکردایەتی دوو حیزب لەمەڕ بەرگری کردن لە کەرکوك، بەجۆرێك کە بەشێوەیەکی درامی و تراژیدیانە پاشەکشەی هەندێك هێزی پێشمەرگە لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە پیشاندەدران کەچی لە شوێنێکی دیکەوە هێزەکان سەرقاڵی بەرگری بوون.

خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە بۆ وەها پرسێکی نیشتیمانی پێویستە نەکە سوپا یەکگرتووبێت و فەرمان لە یەك شوێن وەربگرێت، بەڵکو دەبێت لە ڕوی مۆراڵی سەربازیەوە پەروەردە کرابێت کە ئەو بەرگری لە دۆزێکی گرنگ دەکات کە ئەویش سەربەخۆیی کوردستانە، ئەگەر هێزێك بەو جۆرە دابەشبێت و ماندوی جەنگی سێ ساڵەی شەڕی داعش و دواکەوتنی موچە بێت، چۆن ئامادەیە بۆ کردەیەکی وەها گرنگ؟

## ٣-٢/ ئاستەنگە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان

## أ.تێنەگەیشتن لە هەڵوێستی ئەمریکا:

ئەمریکا وەك گەورەترین زلهێز کە لە دوای ٢٠٠٣ هوە یەکێکە لە دارێژەران و بڕیاربەدەستانی سیاسەتی گشتی و دەرەکی عێراق بە هیچ جۆرێك لەگەڵ ئەنجامدانی ڕیفراندۆمدا نەبوو. ئەوان ستراتیژێکی تایبەتیان لەو قۆناغەدا هەبوو کەبریتی بوو لە بەرەنگاربونەوەی تیرۆر لە عیراق و سوریاو بەربەرەکانی کردنی ئێران. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هەر زوو هەلوێستی خۆی دەربڕی بۆ پشتگیریکردنیی یەکپارچەیی خاکی عێراق و داواشی لە سەرکردەکانی هەرێم و عێراق کرد کە بکەونە گفتوگۆی جدی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەیوت  کە ئەوان لە مافە شەرعیەکانی کورد تێدەگەن بەڵام ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەم کاتەدا لە ئامانجە سەرەکیەکان دوورمان دەخاتەوە کە تێکشکاندنی داعش و لەناوبردنی تیرۆرە لە ناوچەکەدا . هەلوێستی ئەڵمانیا و ڕووسیاش زۆر لە هەڵوێستەکەی ئەمریکا دوور نەبوو.

ئەمریکا لەسەردەمی ترامپدا ستراتیژیەتێکی نوێی لە جیهان بەگشتی و لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی گرتەبەر. سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترمپ لە کاتی کەمپەینی هەڵبژارنەکانی و لە کاتی دەستبەکاربونیشی دروشمی (ئەمریکا لە پلەی یەکەمدا،America First ) ی بەرزکردوەوە بە ئاشکرا ڕەخنەی لە ئیدارەکانی پێشتر بەتایبەت ئۆباما دەگرت کە نەیتوانیوە سیاسەتی دەرەوەی لە خزمەتی هاوڵاتیانی ئەمریکادا بێت. ئەو بە

ڕونی ئاشکرای کرد کە وڵاتانی وەك( یەکێتی ئەوروپا، ژاپۆن وکۆریا، سعودیە و وڵاتانی کەنداو...) پێویستە پارە بدەنە ئەمریکا بۆ پاراستنیان، بە گوتەی ئەو ناکرێت ئەو بارە لەسەر شانی باجدەرانی ئەمریکابێت. (CNN ٢٠١٧ ) لەو ستراتیژیەدا عێراق پێگەیەکی دیاری هەبوو بۆیە یەکگرتویی خاکی عێراق بۆ ئەمریکا لەو قۆناغەدا زۆر گرنگ بوو تا ئەوکاتەی ئەجێنداکانی خۆی لە ناوچەکە بە تایبەتی لەبەرانبەر هەبونی ڕوسیا لەسوریاو ئێران لە عێراق و ناوچەکە پاشەکشە پێدەکات یان بەلایەنی کەمەوە هەوڵ بدات بەرژەوەندیەکانی خۆی و دۆستەکانی لەم ناوچەیە بپارێزێت. بۆیە یەکپارچەیی خاکی عێراق و مانەوەی نوخبەی حوکمڕان گرنگبوو بۆ گرەنتی کردن و بەردەوامیدان بەو سیاسەتەی.

لێرەوە مانەوەو دەسەڵاتداریتی سەرۆك وەزیران حەیدەر عەبادی بایەخی زۆری هەبوو بۆ هەڵبژاردنی داهاتوی پەرلەکانی عێراق لە ٢٠١٨، چونکە عەبادی یەکێك بوو لەو سەرۆك وەزیرانەی کە باشترین پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکیەکان هەبوو. ئەمریکا و نوێنەرەکەی لە عێراق (بریت مەکگۆرگ) بە ئاشکرا پشتیوانیان لە هەڵوێستەکانی عێراق دەکرد و لە سەردانە دیبلۆماسیەکانی بۆ هەولێر و سلێمانی و کۆبونەوەکانی لەگەڵ کاربەدەستانی حکومی و حیزبی ئەو هەڵوێستەی ڕاگەیاندوە. (عەزیز ٢٠١٧) سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە عێراق لەوکاتەدا بریتی بوو لە بەرقەرارکردنی ئاشتی لەدوای جەنگی دژی داعش، ئاوەدانکردنەوەی ناوچە زیانلێکەوتوەکان، چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی هەولێرو بەغدا یە گفتوگۆو بەپێی دەستور. زیاد لەوەش دروستکردنی پردی پەیوەندی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دۆست و هاوپەیمانی ئەمریکا و وڵاتانی عەرەبی بە تایبەت سعودیە و ئوردن. وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕێکس تیلەرسن سەرپەرشتی پێکهێنانی ئەنجومەنی هەماهەنگی نێوان عێراق و سعودیەی کرد بۆ ئەوەی عێراق بەرەوە جیهانی عەرەبی بگەڕێتەوە و لەو بەرە هەرێمیە بێت کە ئەمریکا دەیەوێت دروستی بکات لەدژی ئێران و زیادبونی کاریگەری ڕوسیا لە ناوچەکە. عێراق پێگەیەکی گرنگی هەبوو لەو سیاسەت و ستراتیژیەی کە ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پەیرەوی دەکرد و کاریگەری جدی هەبوو لەسەر هەنگاوەکانی لە وڵاتانی ناوچەکە.

بۆئەوەی ڕیفراندۆم لە هەرێم ئەنجام نەدرێت ئەمریکا لەرێگای ناوەندە دیپلۆماسیەکانی خۆی لە هەولێرو بەغداد، پاشان لە ڕێگای نێردراوی سەرۆك بۆ جەنگی داعش چەندین جار پەیامی ڕاستەوخۆ و ئاشکرای نارد بۆ بەرپرسانی کورد تاوەکو پەشیمان ببنەوە لەبڕیارەکە. تەنانەت خودی وەزارەتی دەرەوەو کۆشکی سپیش بە ڕونی ڕایان گەیاند کە ئەوان نەك پشتگیری ناکەن بەڵکو بەبێ دودڵی ڕەتی دەکەنەوە. تاوای لێهات کونسوڵخانەی ئەمریکا لە هەولێر بە کوردی پەیام وهەڵوێستی ئەمریکای بە ڕونی ڕاگەیاند (جەوهەر ٢٠١٨). هۆکاری ئەوەش بریتیبوو لەوەی هەندێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای ڕیفراندۆم ڕایانگەیاند کە ئەمریکا لە پشتەوە پشتگیری پرۆسەکەدەکات، یان لانیکەم ئەمریکا مامەڵە لەگەڵ واقیع دەکات و دواجار هەر دانی پێدادەنێت.

لەبەیاننامەیەکی کۆشکی سپی ئەمریکا، نوسینگەی ڕاگەیاندن لە ١٥ ی ئەیلولی ٢٠١٧ دا دەربارەی ڕیفراندۆم هاتوە :"ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پشتیوانی لە نیازی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناکات بۆ ئەجامدانی ڕیفراندۆم لە کۆتاییەکانی ئەم مانگە، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا چەندجارێك بۆ سەرکردەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دوپاتکردوەتەوە کەوا ڕیفراندۆم هەوڵەکانی تێکشکانی داعش و گەڕانەوەی سەقامگیری بۆ ناوچە ئازادکراوەکان بە لاڕێدا دەبات. بەتایبەتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە ناوچە کێشەلەسەرەکان کارێکی ئیستفزازیە و ناسەقامگیری لێدەکەوێتەوە. لەبەرئەوە ئێمە داوا بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین ڕیفراندۆم هەڵبوەشێنێتەوە دیالۆگی جدی و بەردەوام لەگەڵ بەغداد کە ویلایەتە یەکگرتوەکانیش ئامادەیی خۆی بۆ ئاسانکاری کردن لەمبارەیەوە دوپات دەکاتەوە" (White House ٢٠١٧) یەکێك لە گەورەترین ئەو هەل و دەرفەتانە بریتیبوو لە نامەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕێکس تیلەرسن بۆ بارزانی لە هەفتەی کۆتایی بانگەشەی ڕیفراندۆمدا. نامەکە لەلایەن بریت مەکگێرگ نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا بۆ شەڕی داعش و هاوڕێ لەگەڵ باڵیۆزو کونسوڵی ئەمریکا لە بەغداو هەولێر گەیەنرایە هەولێر. لە دەقی نامەکەدا وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دوپاتی دۆستایەتی و پەیوەندیە مێژوییەکانی گەلی ئەمریکاو کوردستانی کردەوەتەوە. دواتر داوا دەکات کە ڕیفراندۆم بۆ ماوەی ساڵێك دوابخرێت لە بەرانبەردا ئەوان ئامادەن فاکتەرێکی کاریگەربن لە چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێرو بەغداد و بۆ دڵنیاییش نامەکە دەبرێتە ئەنجومەنی ئاسایش و لەوێ بە چاودێری نەتەوە یەکگرتوەکان پەسەند دەکرێت. بە کورتی نامەکە دەسکەوتی زۆری تیادا بوو بۆ کورد بەڵام کاربەدەستان هەر سوربوون لەسەر ئەنجامدانی پرۆسەکە. هۆکارەکەش ئەوەبوو کە ڕاوێژکارانی بارزانی وایان دانابوو کە ئەو نوسراوە بڕیار نیەو ڕەشنوسە و هیچ واژۆیەکی فەرمی پێوە نیە هیچ بەدیلێك

نیە بۆ جێگرەوەی پرۆسەکە. ڕەخنەگران ئەمەیان بە نەزانی دایە قەڵەم و هەندێکی تر ئەم بەڵێنەیان شوبهاند بە (بەلفۆری کورد) مەبەستیش لەوە ئەوەبوو کە ئەگەر بهاتایەو داخوازیەکە پەسەند بکرایە لە دورمەودادا دەبوە دەسکەوت و دەوڵەت بۆ کورد.

## ب.نەبونی کەناڵی دیپلۆماسی بەهێز لەگەڵ بەغداد:

گفتوگۆ بۆ سەربەخۆیی لەگەڵ حکومەتی بەغداد سەلامەتترین ڕێگەبوو چونکە ئەگەر عێراق بگەیەنرێتە ئەو قەناعەتەی کە دان بە سەربەخۆیی هەرێم و لەتبونی وڵاتدا بنێت، ئەوا لایەنە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان ناچار دەبون دان بە سەربەخۆیی و سەروەری هەرێمدا بنێن. ئەگەر هەر دەوڵەتێکی هەرێمی یان نێودەوڵەتیش دان بەسەربەخۆیی هەرێمدا نەنێت، ئەوا هیچ گرفتێکی بەرچاوی ئابووری و سیاسی بۆ هەرێمی کوردستان دروست نابێت. ئەوکات دەوڵەتی کوردستان دەتوانێت سەرچاوە سروشتیەکانی لە ڕێگەی عێراقەوە ڕەوانەی بازاڕەکان بکات بە ڕێککەوتنی هاوبەش لەگەڵ بەغداد و لەڕیگەی عێراقەوە پەیوەندی بە دونیای دەرەوە دروستبکات بەڵام لە ڕاستیدا، ئەوەی کە حکومەتی عێراق دان بەسەربەخۆیی هەرێمدا بنێت زیاتر لە خەیاڵەوە نزیک بوو نەک واقیع، ئەوەی لە واقیعەوە نزیکە ئەوەیە کە ئێجگار سەخت و دژوارە حکومەتی عێراق دان بە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستاند بنێت. (مستەفا ٢٠١٧)

کاردانەوەکانی دەوڵەتی عێراق  توندبون و بارودۆخەکە لە بەرژەوەندی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمدا نەبوو، کە ئەمەش کاریگەریی نەرێنی هەبوو لەسەر هەنگاوەکانی دوای ڕیفراندۆم. هەردوو سەرکردەی حیزبی دەعوە (حیدر العبادی سەرۆک وەزیرانی پێشوو و نوری المالکی سەرۆک وەزیرانی پێشووتر) ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بە کارێکی نەگونجاو دەزانی و عمار الحکیمیش هەمان کاردانەوەی هەبوو و ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی بە نەرێنی داناوە و دەڵێت کە پێشتر باسی سەربەخۆییان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا نەکردووە. بەشێکی تریش لە سەرکردەکانی عێراق هەمان بیروبۆچونیان هەبوودەربارەی ڕیفراندۆم.

لە ڕاستیدا هۆکارگەلێکی زۆر هەن کە وای لە حیزبە نەتەوەپەرست و  ئاینیەکانی سوننە و شیعە ڕێگە بە خۆیان نادەن گفتوگۆی جدی لەسەر سەربەخۆیی هەرێم بکەن، چونکە لای ئەوان ئەمە لەتبونی عێراقە. هەموو دانانێک بە لەتبونی عێراقدا، دەبێتە هۆی شکستی ئەو لایەنە لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا و چەندێک لایەنە سیاسییەکان خۆیان وەک نەتەوەپەرستێکی عەرەب دەربخەن ئەوا زیاتر دەنگ دەهێنن. هەرچەندە ، حیزب و کەسایەتیە شیعەکان دەبوایە پشتگیریی سەربەخۆیی کوردستانیان بکردایە چونکە لە عێراق دوای کوردا دەبنە زۆرینەی ڕەها، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوان خۆیان بە دەسەڵاتدار و خاوەنی هەموو عێراق دەزانن، ئەوا نەیاندەویست دان بە لەتبونی عێراقدا بنێن. (مستەفا ٢٠١٧) زیاد لەوەش زۆربەی بریارەکانی پارت و مەرجەعە باڵاکانی شیعە لە ئێرانەوە سەرچاوەی دەگرت و لانی کەم لە سیاسەتی گشتی عێراقدا هەنگاوێکیان نەدەنا کە ببێتە مایەی نیگەرانی ئێران، بەتایبەتیش کە لەو قۆناغەدا ئێران ئامادەیی بەهێزی هەبوو لە گۆڕەپانەکانی جەنگ لە عێراقدا و ڕاوێژکاران وگەورە بەرپرسانی سوپای پاسدارانی ئێرانی بە ئاشکرا لەناو هێزەکانی حەشدی شەعبیدا دەبینران.

کێشەی ناوچە دەوڵەمەند و پر نەوتەکەی کەرکویش یەکێک بووە لە ڕێگرە مێژویەکانی باشتربونی پەیوەندی نێوان حکومەتەکانی عێراق و هێزە کوردیەکان، بۆ نمونە هۆکارێکی سەرەکی شکستی ئۆتۆنۆمی ئازاری ١٩٧٠ بابەتی خاوەنداری کەرکوک بوو و هەروەها لە گفتوگۆکانی نێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەگەڵ عێراق لەماوەی ١٩٨٣-١٩٨٤ و لە دوای ڕاپەڕین و کۆڕەو لە ساڵی ١٩٩١ کەرکوک گرێکوێرەی ئاساییبونەوەی پەیوەندیەکانی کورد و عێراق بوو. پارێزگای کەرکوک خاوەنی یەدەگێکی نەوتی سەلمێندراوی گەورەیە لە سەر ئاستی جیهان  کە ئاسان نیە هیچ حکومەتێکی عێراقی ئامادە بێت بیداتە بە دەوڵەتێک کە هەم سەروەتەکەی بۆ خۆی بەرێت و هەم خاکەکەشی لەتلەت بکات. لە ڕووی شوناسی نەتەوەییەوە ، هەریەک لە پێکهاتەکانی کەرکوک شارەکە بە موڵکی خۆیان دەزانن. کورد دەوڵەت بەبێ کەرکوک دروست نەدەکرد، چەندین جار کاربەدەستانی عێراق و ئەمریکا ئەنجامدانی ڕیفراندۆمیان بەتایبەت لە ناوچە کێشەلەسەرەکان بە کارێکی هەڵەدادەناو زۆر توندبوون لەوبارەوە، تەنانەت کاربەدەستانی ئەمریکا لە نامەیەکدا بۆ سەرکردایەتی یەکێتی لە مانگی ئابی ٢٠١٧ بە ئاشکرا داوایان کردوە کە ئەوان واتە یەکێتی فشار لە بارزانی بکەن و داوای لێبکەن بۆ ئەوەی پاشگەزبێتەوە لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بە تایبەت لە ناوچە کێشەلەسەرەکان. زۆرجار ئاماژەدەکرا کە کوردستان سنورەکانی بەخوێن نەخشاندوە و پاشەکشەیان لێناکات، هەرچەندە هەرێمی کوردستان بە ئەمری واقیع دەستی بەسەر ئەو ناوچانەدا گرتبوو، ئەمە نەیدەکردە ئەوەی عەرەبەکانی عێراقیش بە شیعە و سوننەوە بە ئاسانی دەستی

لێ هەڵبگرن، بە تایبەت کە هێزەکانی حەشدی شەعبی دەسەڵاتیان هەبوو لە دەروبەری ئەو ناوچە جێناکۆکانەدا. گرفتەکەش لەوەدا بوو کە دوای ئازادکردنی موصل لە چەکدارانی داعش، تەنها قەزای حەویجە لە رۆژئاوای کەرکوك مابووەوە بەدەست داعشەوە هەموو هاوڵاتیەکی ئاسایی دەیزانی کە عێراق بەمەبەست ئەوناوچەیەی هێشتوەتەوە بۆ ئەوەی هێزی سەربازی لێکۆبکاتەوە و دوای تەواوبونی شەڕ دەستبگرێتەوە بەسەر کەرکوك و ناوچە کێشە لەسەرەکاندا. (جەوهەر ٢٠١٨)

## ح.گرەوکردن لەسەر هەڵوێستی تورکیا:

تورکیا هەڵوێستی لەسەرەتاوە رون نەبوو دەربارەی ریفراندۆم، پێدەچێت ئەمە تاکتیکێکی سیاسی بوبێت بۆ بەلارێدابردنی هەرێم بەوەی کە واتێبگەن تورکیا دژی وەها کردەیەك نیە، ئەویش بەهۆکاری بەرژەوەندیە ئابورییەکانی ئەو وڵاتە لە کوردستان و گرێبەستی پەنجا ساڵەی فرۆشتنی نەوت لەگەڵ حکومەتی هەرێم و ئاڵوگۆری چەنین ملیار دۆلار بازرگانی ساڵانە و هەبونی سەدان کۆمپانیا و دەستی کاری تورکی لە هەرێمدا وایکردوە کە ئاسان نەبێت تورکیا دەستبەرداری هەرێم بێت. هەرچەندە دەوڵەتی تورکیا، هەر زوو ئەنجامدانی ریفراندۆمی لە هەرێمی کوردستان ڕەتکردەوە و بە کارێکی نابەرپرسیارانەی لەقەڵەمدا. هەریەکە لە سەرۆکی  کۆمار ڕەجەب تەیب ئەردۆگان و سەرۆک وەزیرانی تورکیا بینالی یەڵدرم جەختیان لەسەر ئەم هەڵوێستە کردۆتەوە، بەڵام تورکیا لە عێراقدا بێجگە لە کورد، بەدیلی دیکەشی هەبوو، تورکیا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر هێزە سونیەکان هەبوو و ڕێگر دەبوو لە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردیی، ئەمە بەدەر لە هەژمونی دەوڵەتە عەرەبیەکانیش بەسەر هێزە سوننیەکانەوە و ڕێگرتن لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان بە بەهانەی ئەوەی نایانەوێت ئیسرائیلێکی تر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست ببێت.

## خ. بەکەم وەرگرتنی کاردانەوەکانی ئێران:

ئێران وەک زۆرێک لە وڵاتانی تر لە ناوچەکە و دراوسێیەکی عێراق و هەرێمی کوردستان دژایەتی خۆی بۆ ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان دەربڕی، هەربۆیە لە سەروبەندی راگەیاندنی وادەی ئەنجامدانی ریفراندۆم ئێران ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە، بەهرام قاسمی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند "ئێران پشتگیری یەکپارچەی خاکی عێراق و سەروەری نەتەوەیی دەکات، ئێمە دژی هەر دابەشبوون و جیابوونەوەیەکین لە عێراق وهۆکاری ئی کۆتایی هەیە بۆ ئەوەی ئەو سەربەخۆییە سەرکەوتوو نەبێت بەهۆی جیاوازی تێڕوانینەکانەوە لە نێوان کورد و لایەنەکانی تری ناوچەکە". (ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان،٢٠١٨)

ئێران  دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی نەدەویست چونکە ئەم دەوڵەتە هەم دەبوە هاندەر بۆ گەشەی حیزبە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکان و هەم داواکاری کوردانی ئێرانیش بۆ سەربەخۆیی یان پەیوەندیکردن بە دەوڵەتی کوردستان پەرە دەسێنێت. ئێران هەڵوێستی نەرێنی خۆی دەربارەی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان بە ئاشکرا ڕاگەیاندبوو  و دژایەتی هەر هەنگاوێکی  بۆ پارچەبونی عێراق ئەکرد. لە سەردانێکی وەفدێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بۆ تاران ئێرانیەکان بە فەرمی بە ئەوانیان گوتبوو کە ئەگەر ریفراندۆم ئەنجامبدەن ئەوا چاوەڕێ شتی باشمان لێمەکەن و یەکسانە بەشەڕ.(ڕوداو ٢٠١٧)

چەندین جار قاسم سولەیمانی فەرماندەی باڵای سوپای پاسدارن و فەیلەقی قودس بە بەرپرسانی یەکێتی ڕاگەیاندوە کە ئەوان بە توندی دژی پارچە پارچەکردنی عێراق دەوەستن. (جەوهەر ٢٠١٧)، جگە لەوەش ئێران خاوەنی نفوزێکی کاریگەر و قوڵبوو لە عێراقدا بە زۆر هۆکار بڕیاری سیاسی عێراقی بەدەستبوو، دەبوو کاربەدەستانی کورد هەڕەشەکانی ئێرانیان وردتر لێکبدایەوە.

## ت.پشتگیری ئیسرائیل:

تەنها دەوڵەتێك کە بە فەرمی ڕایگەیاند پشتگیری سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان دەکات ئیسرائیل بوو. بینیامین ناتانیاهۆ سەرۆك وەزیران لە ئۆفیسەکەی خۆی رۆژی ٢٠١٩/٩/١٣ ڕایگەیاند کە ئیسرائیل پشتیوانی هەوڵەکانی گەلی کورد دەکات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ کوردی. (دەنگی ئەمریکا ٢٠١٧). بەڵام ئەم پشتیوانیە لە ئاستی دیبلۆماسی نەیتوانی فشار لە ئەمریکا بکات کە سیاسەتی خۆی دەربارەی پرۆسەکە بگۆڕێت زیاد لەوەش تەنها بە قسە بوو هیچ پشتیوانیەکی سەربازی، دارایی لێنەکەوتەوە. بە پێچەوانەوە نەك نەبوە هۆی هێز بۆ پرۆسەکە بەڵکو زیانی زۆری هەبوو. بە گشتی لە کوردستان لە ماوەی کەمپینی بانگەشەی بەڵێ بۆ ریفراندۆمدا لە زۆر جێگا ئاڵای ئیسرائیل

بە تەنیشت ئاڵای کوردستان دادەنرا. ئەمەش کاردانەوەی خراپی لێکەوتەوە لەسەر ئاستی شەقامی عەرەبی و ئیسلامی دەنگدانەوەی ئەوە دروستبوو کە ئیسرائیل لە پشتی ئەم دەوڵەتەوەیە، دواجار ڕای گشتی ئیسلامی لە جیهاندا دژی پرۆسەکە وەستایەوە ئەوەش لە ڕێگای هاندانی میدییای نەیارەکان کە ڕۆڵێکی خراپیان گێڕا لە پیشاندان و گەورەکردنی ئەو وێنایە لای خەڵك. ئەوە لە کاتێکدا دەیڤید پۆلاك کە یەکێك بوو لە ڕاوێژکارەکانی بارزانی لە پانێڵێکدا لە پەیمانگای واشنتۆن جەختی لەوە کردەوە کە ئەو لە پێش و پاش ڕیفراندۆم لە هەولێربووە لە نزیکەوە لەبارزانی نزیك بووە ڕەتی کردەوە کە هیچ پاڵپشتیەکی ئیسرائیل هەبوبێت. (Washington Institute ٢٠١٧)

و. هەڵوێستە نەرێنیەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی:

یەکێتی ئەوروپا و فەرەنسا و بەریتانیا و ئەڵمانیا داوایان کرد ڕیفراندۆم ئەنجام نەدرێت. وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیاش لە یەکەم کاردانەوەدا هۆشداریدا لە جێبەجێکردنی هەنگاوی تاکلایەنە لە بارەی پرسی ڕیفراندۆمەوە و وتی یەکپارچەی و یەکگرتووی خاکی عێراق مەترسی لەسەرە، دووبارە دروستکردنەوەی سنوری دەوڵەت ڕێگایەکی ڕاست نییە و کێشەکان زیاتر قوڵدەکاتەوە و ناسەقامگیری زیاتر دەکات لە بەغداد و هەولێریش. هەروەها وەزیری دەرەوەی ڕوسیا ڕایگەند کە ئەوان پشتگیری لە یەکپارچەی خاکی عێراق دەکەن. (ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ملمڵانێ و قەیرانەکان،٢٠١٨). ئەمە جگە لەوەی کە یەکێتی ئەوروپا و کۆمکاری عەرەبی بە بەیاننامەو ناردنی نێردراو دژایەتی خۆیان بە ئاشکرا بۆ پرۆسەکە ڕاگەیاند. بەمجۆرە لەسەر ئاستی هەرێمی دەوڵەتانی (عیراق، ئێران، تورکیا، سوریا، سعودیە و ئیمارات ) دژی پرۆسەکە بوون. لەسەر ئاستی هێزە جیهانیەکان ( ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ڕوسیا، چین، ئوسترالیا، ئیسپانیا و بولگاریا) خوازیاری ئەنجامنەدانی بوون.

## ٤/ لێکەوتەکانی ڕیفراندۆم

دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، حکومەتی عێراق کاتی هات بۆ ئەوەی هەڵوێست و پەرچەکردارەکانی نیشانبدات سەبارەت بە ئایندەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ هەرێم. عێراق کاتێك زانی کە هیچ دەوڵەتێکی ناوچەیی و زلهێزێکی جیهانی پشتگیری ڕیفراندۆم ناکات ئەوەندەی تر دەستی والا بوو بۆ ئەوەی گورزێکی کەمەرشکێن لە کوردستان بدات و هەموو ئەمەشی بە دەرفەتێك زانی بۆ لێدان لەو دەسکەوتانەی کە حکومەتی هەرێم بەدەستی هێنابون لە دوای ساڵی ١٩٩١هوە.

عێراق زۆر بەتوندی دژی ڕیفراندۆم وەستایەوە و پەرلەمانی عێراق بڕیارێکی سیانزە خاڵی دەرکرد بۆ سزادانی هەرێمی کوردستان. ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دوو ڕۆژ دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دانیشتنی ئاسایی خۆی تایبەت کرد بە پرسی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان وناوچە جێناکۆکەکان. ئەو دانیشتنە ژمارە (٢٣) لە ٢٠١٧/٩/٢٧ بە سەرۆکایەتی (دکتۆر سلیم الجبوری) سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و بە میوانداری سەرۆك وەزیرانی حکومەتی فیدراڵ (دکتۆر حیدر العبادی)، بە ئامادەبونی هەریەك لە ڕاوێژکارانی ئەنجومەنی ئاسایشی عێراق و وەزیری بەرگری و وەزیری ناوخۆ و وەزیری نەوتی عێراق و بە ئامادەبونی (١٨٤) پەرلەمانتار لە پارتە شیعەو سوننەکان لە کاتێکدا پەرلەمانتارانی کورد دانیشتنەکەیان بایکۆت کرد، دەنگدرا بە کۆنوسی ژمارە (٥٥) کە تایبەت بوو بە بابەتی (ڕاپرسی هەرێمی کوردستان). ئەو کۆنۆسە کۆمەڵێك ئەجێنداو هەڵوێستبوو بۆ دیاریکردنی سیاسەتی گشتی حکومەتی عێراق لە دوای ڕیفراندۆم لەگەڵ هەرێمی کوردستان. (ئیسماعیل ٢٠١٨)

کۆنوسی ژمارە (٥٥) دەستی سەرۆك وەزیرانی کردەو لە هەندێك بڕگەدا پابەندی کرد بە سزادانی هەرێمی کوردستان. لە بڕگەی یەکەمی بڕیارەکەدا ڕاپرسی هەرێم بە نادەستوری ناودەبات بۆیە بە پوچەڵ ناوی دەبات و ئەنجامەکانیش کە لەسەری دروست دەبێت بە هەمان شێوە بە پوچەڵ ناوبردوە. لە بڕگەی دووەمی بڕیارەکەدا هاتوە کە کە سەرۆك وەزیران پێویستە هەموو ڕێوشوێنێکی یاسایی و دەستوری بگرێتە بەر بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق و پاراستنی هاووڵاتیانی، هەروەها پێویستە لەسەری فەرمان دەربکات بۆ گەڕانەوەی سوپا و هێزە ئەمنیەکان بۆ هەموو ناوچە جێناکۆکەکان لە ناویاندا کەرکوك و گەڕانەوەی ئەو حاڵەتەی کە هەبووە پێش هاتنی داعش لە ٢٠١٤/٦/١٠.

لە بڕگەی سێیەمی بڕیارەکەدا ئاماژەی بە شوێنکەوتن و سزادانی ئەنجامدەرانی ڕیفراندۆم کردۆتەوە لە ناویاندا سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە سەرۆکی لێژنەی باڵای ڕیفراندۆم بووە کە بدرێن بە دادگاو هەموو ئەو فەرمانبەرە کوردانەش کە لە دەزگاکانی حکومەتی فیدراڵ کاردەکەن کە

بەشداری ریفراندۆمیان کردوە پێویستە لە کار لابدرێن بەوەش بەشێك لە نوێنەرانی کوردو فەرمانبەرانی باڵا لەوەزارەتەکانی عێراق و ناوچە جێناکۆکەکان دوچاری گرفت و ئاریشە بونەوە. لەوەش زیاتر نوسینەگەی عەبادی لە ٢٠١٧/١٠/٩ لیستێکی ناوی ئەوکەسانەی بڵاوکردەوە کە هەستاون بە ئەنجامدانی ریفراندۆم لە ناویاندا ئەندامانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان و هەر پەرلەمانتارێکی کورد کە بانگەشەی بۆ بەلێ کردوە لەسەر شاشەی تیفیەکان کە بریتی بوون لە نۆ ئەندامی کوردی پەرلەمانی عێراق.

لە برگەی شەشەمی بریارەکەدا فەرمان کراوە بە لادانی پارێزگاری کەرکوك (نەجمەدین کریم) کە پشکی کورد بوو دانانی کەسێکی تر لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە، بەمەش کورد گەورەترین پۆستی کەرکوکی لەدەستدا کە بەدرێژایی پانزە ساڵ لە بەردەستیدا بووە. دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر کەسێك لە پشکە عەرەبە سونەکان بە ناوی (راکان الجبوری) دانرا کە دژایەتی زۆری پێکهاتەی کوردی کرد چی بە یاسا و چی بە بەکارهێنانی هێز.

لە برگەیەکی تری بریاری ژمارە (٥٥) ئاماژە کراوە بە داخستنی دەروازە سنوریەکان کە ئەکەوێتە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی، وە ئەو کاڵایانەی لەوێوە دێتە ناوەوە بە قاچاغ دادەنرێت، وە داوا لە وڵاتانی دراوسێ دەکات کە رێوشوێنی پێویست بگرنە بەر و لەو پێناوەدا هاوکاری حکومەتی عێراق بکەن. بەم جۆرە دەروازە سنوریەکانی هەرێم لەگەڵ ئێران داخران، لە کاتێکدا لە دوای راپەرینی ساڵی ١٩٩١ هوە ئەم دەروازە سنوریانە دانەخرابوون و بەردەوام هەرێم سەرباری گەمارۆی ئابوری لەسەر عێراق (١٩٩٠-٢٠٠٣) بەڵام سەرچاوەیەکی داهاتی باشبوە بۆ حکومەتی هەرێم. هەرچەندە دەروازەی سنوری ئیبراهیم خلیل لەگەڵ تورکیا بە یەکجاری دانەخرا بەڵام هاتوچۆی بازرگانی یەکجار کەمی کرد و سنوردارکرا. ئەمەش بوە هۆی قوڵکردنەوەی ئەو قەیرانە داراییەی کە لە هەرێم هەبوو ئەو سەرچاوە داهاتانەی کە حکومەتی هەرێم لە گومرگ دەستی دەکەوت نەما. لە هەمان کاتدا بوە هۆی گرانی نرخ و هەڵاوسانی نرخ لە بازارەکانی هەرێم و خەڵك پەیتا پەیتا بە خێرایی رویان لە بازارەکان دەکردو بە کۆمەڵ خواردەمەنیان دەکری. بە گشتی دۆخی ئابوری کوردستان ئەوەندەی تر خراپبوو.

لە برگەیەکی تری بریارەکەدا ئاماژەی بەوە کردوە کە پێویستە حکومەتی فیدراڵ کێڵگە نەوتیەکانی باکور لە کەرکوك و موصل و هەموو ناوچە جێناکۆکەکان بگێرێتەوە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی نەوتی حکومەتی فیدراڵی عیراق. لە دوای لەشکرکێشی حکومەتی عێراق بۆسەر ناوچەجێناکۆکان هەموو ئەو بیرە نەوتانە گەرانەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵ کە بۆ ماوەی زیاتر لە سێ ساڵ وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری دەهێنان و هەناردەکردنی نەوتی تیادا دەکردن، بە تایبەتی گێڵگە نەوتیەکانی هاڤانا و بایحەسەن و کێڵگەی نەوتی کەرکوك لە رۆژئاوای کەرکوك. بە قسەی بەرپرسانی حکومەتی هەرێم لەوانە سەرۆك وەزیران نێچیرڤان بارزانی لە کۆنگرە رۆژنامەوانیەکانی ئاماژەی بەوە کردوە کە ئەوان نزیکەی (٣٠٠) هەزار بەرمیل رۆژانە نەوتیان لەو ناوچانە دەرهێناو لەرێگەی بۆری نەوتی کوردستان-تورکیا هەناردەی بازارەکانی دەرەوە کراوە. نەمانی ئەو سەرچاوە گەورەی داهات هاوکات لەگەڵ داخستنی خاڵە سنوریەکان حکومەتی هەرێمی نزیککردەوە لە روخان چونکە حکومەت لەو قۆناغە توانای دابەشکردنی موچەی فەرمانبەرانیشی نەما ئەگەرچی فەرمانبەران موچەکانیان لە نیوە کەمتر وەردەگرت لە سایەی بریاری (پاشەکەوت). ئەوەش شەقامی جوڵاند و مامۆستایان و فەرمانبەران نەدەچونە سەرکارەکانیان و بە تایبەت لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکانی راپەرین و گەرمیان بە تەواوی پرۆسەی خوێندن راگیرا و دۆخێکی نادڵنیایی و بێزاری روی لە کۆی کۆمەڵگای کوردی کرد.

لە برگەی حەوتەمی پرۆژە بریارەکەدا داوای داخستنی نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێم دەکات لە دەرەوە و داخستنی نوسینگەو کونسوڵگەریەکانی وڵاتان لە هەرێم و لە هەولێری پایتەخت. ئەمەش کێشەی بۆ پەیوەندیە دیبلۆماسیەکانی هەرێم دروستکرد و بە دەیان پەیوەندی دیبلۆماسی هەرێم لەگەڵ دەرەوە زیانیان بەرکەوت و متمتنەیان لەدەستدا.

لە کۆتا خاڵی بریارەکەدا حکومەتی فیدراڵ پابەندکراوە بەوەی کە وتووێژ لەگەڵ حکومەتی هەرێم نەکات تا ئەوکاتەی کە حکومەتی هەرێم بە فەرمی ئەنجامی راپرسیەکە هەڵنەوەشێنێتەوە، بەمەش دەرگای داخست بە روی ئەو هەوڵانەی کە لە هەرێمەوە دەکران بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخەکە. ئەگەرچی مسعود بارزانی لە پەیامێکدا دوو رۆژ دوای ریفراندۆم بە فەرمی داوای لە سەرۆك وەزیران حیدرالعبادی کرد کە دەرگای گفتوگۆ دانەخات بەڵام حکومەت ئەمەوەی پەیوەستکرد بە رەتکردنەوەو هەڵوەشانەوەی ئەنجامی راپرسیەکە، تاوەکو ناچار لە درەنگانێکی

شەوی مانگی تشرینی دووەمی ٢٠١٧ حکومەتی هەرێم بە فەرمی ئەنجامەکەی هەڵوەشاندەوە.

کۆچی دوایی جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری پێشوی عێراق و سکرتێری گشتی یەکێتی لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەر بە دەروازەیەك دانرا بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیەکانی هەرێم لە گەڵ بەغدا و دروستکردنەوەی کەناڵی دیبلۆماسی لەگەڵ ئەو شاندانەی کە هاتنە پرسەکەی، بەلام بەهۆی ڕوپۆشکردنی تەرمەکەی مام جەلال تەنها بە ئاڵای کوردستان، نیگەرانی شاندە عێراق وبیانیەکانی زیادکرد بە تایبەت محەمەد جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی ئێران دەستبەجێ مەراسیمەکەی بەجێهێشت، بۆیە ئەو هەلەش وەك پێویست سودی لێوەرنەگیرا.

سەربارى گۆڕانکاریەکاریە خێراکان، مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی بە سەرپەرشتی فواد مەعسوم سەرۆك کۆماری عێراق و مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی و کۆسرەت ڕەسوڵ و هەموو بەرپرسە باڵاکانی هەردوو حیزب تیادا بوو. مەلابەختیار ئەندامە مەکتەبی سیاسی یەکێتی دوای ڕوداوەکانی شانزەی ئۆکتۆبەر بەدەنگی ئەمریکای ڕاگەیاندوە "لە کۆبونەوەکەی دوکاندا بە ئامادەبونی بەڕێز دکتۆر فواد مەعسوم و کاك مەسعود بارزانی ڕازی بووین کە وەفدمان بچێتە بەغدا و بەپێی دەستوور کێشەی کەرکوك و کێشەکانی ترمان چارەسەر بکەین، مەسەلەی ریفراندۆمیش وەك دۆسییەك لەناو مێژوودا باس بکرێت نەك مەرجمان ئەوە بێت کە ریفراندۆم بمێنێت یا بیپارێزین یا ئامانجەکانی ریفراندۆم بپارێزین بەڕاستی ئەمانە نەمابوو لە کۆبونەوەکەی دوکاندا. ئەوەی لە کۆبونەوەکەی دووکان خرابوە روو تەنها بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك بوو، شەنگال و زومار و پردێ تیادا نەبوو، بڕیاربوو لیوایەکی مام جەلال بێتە کەیوان لە کەرکوك لەگەڵ هێزێکی هاوبەشی ئەمریکی و بەریتانی نیشتەجێ بکرێن و بەهاوبەشی پۆلیسی فیدراڵی چاودێری دۆخی ئەمنی بکەن... هەروەها بڕیار درا وەفدێك سەردانی بەغدا بکەن و بەدەستوری کێشەکانی هەولێر و بەغداد چارەسەر بکەن لەسەر نەوتیش کێشەکان بەگفتوگۆ چارەسەربکرێن بەڵام دوای ١٢ کاتژمێر بەو خاڵانەی بەغدا ڕازی بوین هێرشیان کردە سەر کەرکوك".(VOA Kurdish ٢٠١٧)

سوپای عێراق لە بەرەبەیانی پانزەی مانگ نزیکبوەوە لە سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە، لە شانزەی مانگ چونە ناو کەرکوك، هێزەکانی پێشمەرگە هەندێکی کەمیان نەبێت کە ئاگادارنەبوون، بەبێ بەرگری کشانەوە بۆ هەولێر و سلێمانی، دواتر زۆربەی شاروشارۆچکەکانی تر لەناوچە جێناکۆك یەك بە یەك کەوتنە ژێر دەستی هێزەکانی عێراق و پێشمەرگە کشانەوە. لە شارۆچکەی دوزخورماتوو بە سەدان ماڵی کورد دەرکران و ماڵ و سامانەکانیان دەستیان بەسەردا گیرا، لە هەموو شارو شارۆچکەکانی تر یە هەزاران خێزان هەڵهاتن و ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون.

تۆڕی میدیایی ڕووداو ئەم هێرشەی وەك دەرئەنجامی هەماهەنگی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئێرانییەکان و حکومەتی عێراق رووماڵکردووە بۆ دەستگرتنەوە بەسەر شارەکە .بۆیە بە پێی ڕووداو، یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ئەندامانی بنەماڵەی تاڵەبانی بە دیاریکراوی پاڤڵ تاڵەبانی لە ١٥ ی ئۆکتۆبەر ڕێککەوتنی لەگەڵ فەرماندەی میلشیاکانی حەشدی شەعبی هادی عامری کردووە بۆ گەڕانەوەی هێزە عێراقییەکان بۆ شارەکە بەبێ ڕوبەڕوبونەوەی سەربازی. (حەسەن حەمە ٢٠١٨)

بەمجۆرە ڕیفراندۆم دەسکەوتە گەورەکانی لەدەست کوردا و نیوەی خاکی کوردستان لە یەکرۆژدا تەسلیم بە عێراق کراو کوردستان چوە دۆخێکی سەختی سیاسی و ئابورییەوە بەهۆی لەدەستدانی بیرەنەوتەکانی ڕۆژئاوای کەرکوکەوە. خەڵکی هەرێمی کوردستان دوچاری بێهیوایی زۆربوون، دروشمە نەتەوەییەکان پاشەکشەیان کرد نەك هەر لە هەرێم بەڵکو ئەنجامدانی ڕیفراندۆم سەرباری کاڵوکرچی لە ئامادەسازیەکانی و لاوازی کەمپینەکانی لە ناوخۆو دەرەوەی کوردستان، بەڵام کاریگەریەکی ئەرێنی هەبوو لەسەر بزواندنی هەستی نەتەوایەتی و نیشتیمانپەروەری لای کورد لە ناوخۆو دەرەوە. بە تایبەت لە ڕۆژهەڵات و باکوری کوردستان و ڕەوەندی کوردی لە دەرەوە. هەموو کورد چاوی لەسەربەخۆیی کوردستان بوو بەڵام دواجار دەرئەنجامێکی نەرێنی لێکەوتەوە بووە هۆی تێکشکان و هەستکردن بە لاوازی لای تاکی کورد کاتێك ملیۆنانان کورد دیمەنی پێشڕەوی هێزە عێراقیەکان و پاشەکشەی هێزی پێشمەرگەی لە کەرکوك دەبینی.

لە ناوخۆی هەرێم سەرکردەکانی هەردوو حیزب یەکتریان تۆمەتباردەکرد، پارتی لە میدیا فەرمی و سێبەرەکانی ڕای دەگەیاند کە کۆمەڵێك کەس لە ناو یەکێتی خیانەتیان کردوەو لە ژێرەوە پەویوەندی نهێنیان لەگەڵ عێراق بەستوە و کەرکوکیان فرۆشتوە بەبێ بەرگری شارەکەیان بەجێهێشتوە. لە لایەکی ترەوە یەکێتی لەمیدیا فەرمی و سێبەرەکانیەوە پاساوی ئەوەی دەهێناوە کە ئەوان هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ ئەنجامدانی

ڕیفراندۆم نەبوون و چەندینجار هۆشداریان داوە کە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە هەرێم و بەتایبەت لە ناوچە جێناکۆکەکان و شاری کەرکوک مەترسیدارەو دەبێتە هۆی لەدەستدانی شارەکە. هەروەها یەکێتی ئەو پرسیارەی دەوروژاند کە بۆچی تەنها فۆکەس لەسەر کەرکوك و ئەو میحوەرانەیە کە هێزەکانی پێشمەرگەی سەربەئەوانی لێبوە؟ لە کاتێکدا لە میحوەری ڕۆژئاوای کەرکوك (قەزای دبس) لە بندەستی هێزەکانی پێشمەرگەی سەر بە پارتیدا بوە و بەبێ بەرگری ناوچەکەیان بەجێهێشتوە. دیسان ناوچەکانی مخمور، گوێر، شەنگال، ڕەبیعە، سنونێ و دەشتی نەینەوا هێزەکانی پارتی بەرگریان نەکردوە.

بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە بۆچی هێزەکانی حکومەتی عێراق دوای گیرانی کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان پێشڕەویان نەکرد بۆ ناوچەکانی بندەستی یەکێتی و ئەوەی کە ناسراوە بە زۆنی سەوز؟ لە کاتێکدا هێزەکانی عێراق لە پێشڕەوی بوون بۆ ناوچەکانی زۆنی زەردو پارێزگاکانی هەولێرو دهۆك؟ هەندێك لایان وایە کە ئەوە هۆکاری ئەوەبوەکە سوپای عێراق دەیویست بگەڕێتەوە ئەو ناوچەی کە هێڵی تەماس بوە لە نێوان حکومەتی پێشوی عێراق تا ساڵی (٢٠٠٣) لەگەڵ ناوچەکانی هەرێمی کوردستان کە لە لایەن ئەمریکاو هاوپەیمانان دەپارێزراو هێڵی ٣٦ وەك جیاکەرەوەیەك دانرابوو. لەدوای دەستپێکردنی پەلاماری ئەمریکا بۆسەر عێراق لە ٢٠٠٣\٣\١٩ هێزەکانی پێشمەرگە پێشڕەویان کردو بازگەکانیان دورخستەوە پێشڕەویان کرد. هەندێك پێیان وایە پێشڕەوی هێزەکانی حکومەتی عێراق بۆ ئەو مەبەستە بوە کە سنورو ناوچەی جێنفوزی بگەڕێنێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە پێش پەلاماری ئەمریکا بۆ سەر عیراق سوپای عیراقی لێبوە. دواهەین بازگەی هێزەکانی ئاسایشی هەولێر لە پێش ئەو ڕێکەوتە لە ناوچەی قوشتەپە بوە کە نزیکەی ٣٠ کیلۆمەتر لە ناوەندی شاری هەولێر دووربوە، بەڵام دوای ٢٠٠٣ هێزەکانی ئاسایش دواهەمین بازگەیان بردە ناحیەی پردێ سەر بە پارێزگای کەرکوك. لە پارێزگای دهۆکیش تەواوی ناوچە سنوریەکانی کوردستان و تورکیاو نزیکەی هێزەکانی ئاسایش ٢٠ کیلۆمەتر سنور لەگەڵ سوریا تا ڕوباری دیجلە پێشڕەویانکرد. هەرچی لە پارێزگای سلێمانیە، چیای مەقان لە ڕۆژئاوای قەزای چەمچەماڵ دواهەمین خاڵی سنوری بوە بەڵام دوای ڕێکەوتی ئاماژەپێکراو هێزەکانی ئاسایشی سلێمانی دواهەمین بازگەیان بردە ناحیەی قەرە هەنجیر ٢٠ کیلۆمەتر لە باکورو ڕۆژهەڵاتی پارێزگای کەرکوك.

بەم جۆرە پەیوەندیەکانی ئەو دوو هێزە سیاسیەی هەرێم گەڕایەوە خاڵی سفر، دوای ئەوەی بە زنجیرە جەنگێکی خوێناوی و براکوژیدا تێپەڕی. هەرچەندە ڕێکەوتننامەی ستراتیژی نێوان هەردوولا لە ٢٠٠٧ بۆ ماوەی دەیەیەك توانی پەیوەندی دۆستانە و هاوبەشی هەردوولا پەرە پێبدات، بەڵام ڕوداوەکانی شانزەی ئۆکتۆبەر جارێکی تر چەمکی (خیانەت) ی هێنایەوە ناو دیسکۆرسی سیاسی و میدیایی لە نێوان هەردولا، خەڵك جارێکی تر مەترسی دوبارە هەڵگیرسانی جەنگی ناوخۆیی لا دروستبوو، ئەمەش دەرئەنجامێکی زۆر مەترسیداربوو بۆ گەلی کورد لە باشوری کوردستان کە دوای بیست و شەش ساڵ حوکمڕانی بونیادی نابوو.

## ئەنجام:

١.ڕیفراندۆم یەکێکە لە باوترین ئەو میکانیزمانەی کە لە جیهاندا جێبەجێدەکرێت بۆ دەستخستنی سەربەخۆیی گەلان.

٢.سەربەخۆیی کوردستان خەونێکی لە مێژینەی گەلی کوردە و لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوا بە کۆمەڵێك قۆناغدا تێپەڕیوە تەنانەت بەر لە ڕیفراندۆمی ٢٠١٧، خەڵکی کوردستان لە ٢٠٠٥ بەشداری لە ڕیفراندۆم کردو دەنگی بە سەربەخۆییدا.

٣.کوردستان لە ڕوی ناوخۆییەوە ئامادەنەبوو بۆ ئەو بڕیارە قورسە. یەکریزی نیشتیمانی لە ئارادا نەبوو، قەیرانی دارایی و جەنگی داعش خەڵکیان ماندووکردبوو، ناکارایی حکومەت هۆکارێك بوو کە خەڵك ئەو ڕوداوە گرنگە بە کەم سەیربکات.

٤.فاکتەرە دەرەکیەکان زۆر بەهێزبوون، تێگەیشتنی هەڵە هەبوە لە دیپلۆماسیەت واقیعی پەیوەندیە نێودەوڵەتیکان وەك پێویست نەخوێنراوەتەوە.

٥.ڕیفراندۆم زیانی زۆری بە کوردستان گەیاند، لە ڕوی سیاسییەوە نیوەی خاکی کوردستان لەدەستدرا، هەموو ئەو دەسکەوتانەی کە بە خەبات دوروردرێژ و شەهیدی بێشومار بەدەستهاتبون لە ماوەیەکی کەمدا لەدەستدران.

٦.کاریگەریەکی نێگەتیڤی لەسەر شوناسی کوردبون و تێکشکانی تاکی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان بەجێهێشت کە بۆماوەیەکی زۆر

پاشەکشە بە هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانی دەکات.

٧.پەیوەندی هێزە سیاسیەکانی کوردستانی تێکدا، بە تایبەت یەکێتی و پارتی کە دوو هێزی حوکمڕانی کوردستان بوون، لەدوای ڕوخانی ڕژێمی پێشوی عێراق لە ٢٠٠٣، ئەو دوو هێزە دەسکەوتی باشیان بۆ کورد بەدیهێناوە بەهۆی یەکڕیزیان، بەڵام دوای ڕیفراندۆم پێدەچێت زنجیرەیەکی تری ململانێ و نەمانی متمانە لە نێوانیان سەر هەڵبداتەوە ئەمەش بە زیانی پرسی کورد دەشکێتەوە.

لیستی سەرچاوەکان:


1.Michael G. Roskin, Robert L. Cord, James A. Medeiros and Walter S. Jones; Political Science, An Introduction, 14 edition, Person books, Boston 2017

2.Oxford dictionary online, available at: https://en.oxforddictionaries.com/definition/plebiscite

3.Statement by the Press Secretary on the Kurdistan Regional Government's Proposed Referendum.

٤.د.جەلال حەسەن موستەفا، پاش ڕیفراندۆم: مەترسی و بەربەستەکان، ٢٠١٧، سیاتی میللەتپرێس

٥.دکتۆر بورهان یاسین و دکتۆر سەردار عەزیز، دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە ناوەوە بونیاد نان لە دەرەوە دان پیانان، سلێمانی، ٢٠١٧

٦.دکتۆر ئیبراهیم محمد عزیز، کاریگەری ئەمریکا لەسەر پرسی کورد پاش ڕیفراندۆم، گۆڤاری خاڵ ژمارە (١٤)، ساڵی ٢٠١٧

٧.سەرتیپ جەوهەر، حیکایەتی ڕیفراندۆم ٢٥ ئەیلول ٢٠١٧، لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژنامەوانی، چاپی دووەم ٢٠١٨.

٨.ڕێبوار بابکەیی، ڕیفراندۆم و شانزەی ئۆکتۆبەر: لە دەنگی ئیرادەوە بۆ دەنگی چەکەکان، شەڕی دیپلۆماسی هەرێم لە بەرانبەر سیاسەتی هەرێمی، هەولێر،٢٠١٨.

٩.علی باپیر، ڕیفراندۆم هەقە، بەڵام با بەشێوازێکی هەقیش جێبەجێ بکرێ، ٢٠١٧

١٠.ئاوارە حسین ئەحمەد، مافی چارەی خۆنوسین لە یاسای نێودەوڵەتیداو شێوازەکانی جێبەجێکردنی، گۆڤاری خاڵ، ژمارە (١٤) ساڵی ٢٠١٧.

١١.ماڵپەڕی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەردەستە بەم لینکە کە هەموو بەیاننامەو کۆنوسەکانی ئەنجومەنی باڵای ڕیفراندۆمی تێدایە:
http://www.presidency.krd/kurdish/default.aspx

١٢. هاوڕێ حەسەن حەمە، فەرهاد حەسەن عبداللە، داستان جاسم، شانزەی ئۆکتۆبەر، یەك ڕوداو، دوو گێڕانەوە، چێوەسازی ڕوداو لە سەروبەندی ململانێکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان. زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ژمارە(٣٢) ، توێژینەوەکە بە پی دی ئێف بەردەستە لەسەر ئەم سایتە: www.kurdistanc.com

١٣. کاروان أورحمان اسماعیل، خوێندنەوەیەکی یاسایی بۆ بڕیاری ژمارە (٥٥)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تایبەت بە بابەتی ڕاپرسی هەرێمی کوردستان، مؤتمر الدولی الثالث للقضایا القانونیه، کلیە القانون، جامعە ایشك، أربیل ٢٠١٨.

١٤.برێت مەکگورک لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی هەرێم کۆدەبێتەوە، سایتی فەرمی دەنگی ئەمریکا بەردەستە لەسەر ئەم لینکە: https://www.dengiamerika.com/a/iraq-kurdistan/4028603.html

15.Washington institute, Regional Implications of the Kurdish Referendum, 2017, available on: https://www.youtube.com/watch?v=tQh6Hnz7rgI&t=1354s

١٦. م.م. میثم غانم جبر، استفتاء انفصال اقلیم کردستان عراق بین قبول ورفض، مجله الواسط للعلوم الانسانیه، الاصدار ١٤، ٢٠١٨

١٧.غالب دلای، مستقبل الاستفتاء کردستان العراق، مرکز الجزیرة للدراسات، تشرین الثانی ٢٠١٧.

١٨. تەلەفزیۆنی کوردستان ٢٤، سەرۆك بارزانی: هیچ ئومێدێک نەماکە بتوانین هاوبەشییەکی ڕاستەقینە بونیاد بنێین، مانگی هەشتی ٢٠١٧، لەم لینکە بەردەستە:
http://www.kurdistan24.net/so/opinion/251c8aeb-78ec-45b4-911f-a1d27a370710

18. Rudaw, Kurdistan Region to hold independence referendum on Sept 25, 2017, available at:

http://www.rudaw.net/english/kurdistan/070620171

19. the star, Kurds agree to postpone independence referendum, 2014, available at: https://www.thestar.com/news/world/2014/09/05/kurds_agree_to_postpone_independence_referendum.html

20.Iraq Kurdistan independence referendum planned". BBC News. 1 July 2014.

21.Kurds agree to postpone independence referendum". theStar.com. 5 September 2014

22.Iraqi Kurdish Leader Calls For Nonbinding Vote On Independence". Radio Free Europe/Radio Liberty. 3 February 2016

23.Barzani: Kurdistan will hold referendum before October". Kurdistan24 (English). March 2016.

24.http://www.kurdistan24.net/en/news/e4536e45-41b2-49f7-8cba-bb569cb4a6d3/pm-barzani--mosul-could-be-liberated-within-three-months

25.Iraqi Kurds plan independence referendum on Sept. 25". Reuters. 13 June 2017.

26.de Vreese, Claes H. (2007). "Context, Elites, Media and Public Opinion in Reerendums: When Campaigns Really Matter". The Dynamics of Referendum Campaigns: An International Perspective. Palgrave Macmillan. pp. 2–3. ISBN 9780230591189.

27. Serdült, Uwe; Welp, Yanina (2012). "Direct Democracy Upside Down" (PDF). Taiwan Journal of Democracy. 8 (1): 69–92. doi:10.5167/uzh-98412.